هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالّی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٠٤

# پێرِیست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨) خولی گواستنەوە –سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٩/ ٢٠٠٤/١٢ ل ٥٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ١٥/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ١٦/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٨٨

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٧/ ٢٠٠٥/٤ ل ٥٩٠

**المادة الثانية:** لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة:** ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەدرێ بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ، خاڵی هەشتەم خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان بۆ بڕیاری قەدەغە كردنی گۆڕینی كێڵگەكان و شوێنە سەوزەكان بۆ شوێنی نیشتەجێ بوون، فەرموو پێشكەشی بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قرار

استناداً الى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم /١ لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما قدمه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٤ تشريع القانون آتي:

قانون رقم ( )لسنة ٢٠٠٤

قانون التعديل الاول للقانون رقم (٣)لسنة ١٩٩٨ قانون إطفاء وافراز الحقوق التصرفية

**المادة الأولى:** لا يجوز إطفاء او استملاك او استبدال البساتين داخل حدود البلدية التي لا تتعارض استعمالاتها مع التصاميم الأساسية المصدقة لأغراض سكنية حصراً مهما كان صنفها.

**المادة الثانية:** لا يجوز تغيير التصميم الأساسي للمدينة او القصبة لتحويل منطقة خضراء او بستان الى منطقة سكنية.

**المادة الثالثة:** تلتزم البلديات وكافة الجهات ذات العلاقة بعدم تحويل البساتين الى مناطق سكنية للمدن والقصبات التي لم تعد لها تصاميم أساسية سابقة او ان تصاميمها الأساسية او تعديلاتها لم تكتسب التصديق النهائي.

**المادة الرابعة:** تعدل الفقرة (٢) من المادة(٢) من القانون رقم (٣) لسنة ١٩٩٨ وتقرا كآلاتي:

(يعوض صاحب الحقوق التصرفية من تلك الأراضي بنسبة تساوي ١٢٪ من مجموع مساحات الأراضي المطفأ حق التصرف فيها يسجل باسمه ملكاً صرفاً)

**المادة الخامسة:** تعدل الفقرة (٢) من المادة (٣) من القانون رقم (٣) لسنة ١٩٩٨ وتقرا كآلاتي:

يتم تعويض أصحاب تلك الأراضي بنسبة مئوية قدرها ١٨٪ من مجموع مساحات الأراضي التي ستسجل بأسم البلدية ويحق لهم إفراز المساحة الممنوحة لهم بما لا يتعارض مع الاستعمالات المقررة لها.

**المادة السادسة:** على الوزارات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة السابعة:** ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة الرسمية(جريدة وقائع كوردستان).

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**(الأسباب الموجبة)**

حيث ان البساتين تعتبر من أهم مصادر الدخل في إقليم كوردستان على الصعيديين الشخصي والقومي وأنها مكون رئيسي للثروة الزراعية في الإقليم كما أنها مع المناطق الخضراء تعتبر من المكونات الرئيسية المؤثرة في بيئة كوردستان ومن أهم العناصر الجمالية فيها وحيث لوحظ سفح المناطق الجبلية من المدن والقصبات رغم توفر السفوح والأراضي الغير الزراعية التي يمكن استغلالها لأغراض السكن دون التفريط بالبساتين والمناطق الخضراء والتأثير على ثروات الإقليم من البساتين ومنتوجاتها والحفاظ عليها من الاندثار ولتطوير بيئة المدن والقصبات ولكي تكون نسبة تعويض أصحاب حق التصرف للأراضي الزراعية المملوكة للدولة والأراضي المملوكة ملكاً صرفاً والأراضي الموقوفة اكثر عدلاً لذا فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە پێشکەش کراوە لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە (سعید محمد صدیق هروری، قیس دیوالی دۆسکی، ابراهیم سعید، رجب شعبان، د. رزگار، فرحان شرفانی، عفان نقشبندی، حسین جنبلی، حمە علی تۆفیق، فازل رەئوف، نادر محمد قادر) ئەم پرۆژەیەش هەروەکو هەموو پرۆژەکانی تر ئەدرێ بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی شارەوانی، هەروەها بە هەردوو ئیدارەکان، ئێستا لە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکان بووینەوە، بۆ باسکردنی خاڵی نۆیەم و دەیەم کە خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی یاسای هەموار کردنی یاسای رۆژنامە نووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨، هەروەها خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩، پشوویەك دەکەین و فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە چەندین جارە کە ئەو پرۆژانە موناقەشە دەکەین، رۆژنامەنووسان سەندیکایان هەیە، ئەندازیارانی کشتوکاڵ ئەوانەش سەندیکایان هەیە، مەفروزە نوێنەریان لێرە بێت بۆ دیفاع، بۆ روونکردنەوەیەك، هەموو جاران ئەو مەوزووعە باس دەکەین، بۆ نموونە بەشێکی زۆرمان لە موشکیلەی ئەوانمان نەزانیوە، یان خۆشیان تەصورێکی موعەینیان هەبێ لەسەر خاڵێکی سەرەکی، لەوانەیە لیژنەی قانونی بەشێوەیەکی دیکە صیاغەی کردبێ، نازانم هۆکەی نەهاتنیان چی یە؟ هەموو جارێ لەو لایەنەی کە پێویستە بەشداری بکەن لە موناقەشەی ئەو پرۆژانە و لایە گرنگەکەی تر پێویستە جێ بەجێی بکەن،

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 38

سالی/ 2006 – بەرگی سی و هەشت

---

چاپی یەکەم/ سالی 2007

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – دوو شه‌ممه 2006/10/16 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (15) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – پێنج شه‌ممه 2006/10/19 ل67

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (16) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – دوو شه‌ممه 2006/10/30 ل71

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (17) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – چوار شه‌ممه 2006/11/1 ل131

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (18) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – دوو شه‌ممه 2006/11/6 ل203

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (19) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – چوار شه‌ممه 2006/11/8 ل261

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (20) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – سێ شه‌ممه 2006/11/14 ل315

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (21) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – دوو شه‌ممه 2006/11/27 ل369

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (22) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – چوار شه‌ممه 2006/11/29 ل421

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – یه‌ك شه‌ممه 2006/12/17 ل441

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (23) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – سێ شه‌ممه 2006/12/19 ل501

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – سێ شه‌ممه 2006/12/26 ل549

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (24) خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن – چوار شه‌ممه 2006/12/27 577

2- خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی ڕاگرتنـی بڕیـاری ژمـارە (368)ی (ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی هەڵوەشاوە).

3- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـای کۆمەڵـەی دادوەرانـی هـەرێمی کوردستان.

4-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10,35)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2006/11/14دا بەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی یاسـای هـەموارکردنی یاسـای کوژاندنـەوەو جیاکـاری زەوی لـە سـنووری شارەوانییەکان.

2-خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی ڕاگرتنـی بڕیـاری ژمـارە (368)ی (ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی هەڵوەشاوە).

3-بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـای کۆمەڵـەی دادوەرانـی هـەرێمی کوردستان.

4-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن, کاك عونی فەرمووو, بۆ خاڵی یەکەم تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, ئێستا دەقی پڕۆژەی تعدیل کردنی قانونی الاطفاء لەلایەن بەڕێز کاك کریم برادۆستی بەزمانی کوردی دەخوێنرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە بەتەنیا بەزمانی کوردیەکەی بخوێننەوە, بۆ ئەوەی وەختەکەی هین نەکەین.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی بڕیار**

**یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە(3)ی ساڵی 1998. یاسای ژمارە () ساڵی 2006 کوژاندنەوەو دابڕکردنی (جیاکاری) زەوی ناو سنووری شاروانیەکان**

**ژمارەی بریار:**

**رۆژی بریار:**

**پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نشتیمانیی کوردستان- عیراق لەدانیشتنی ژمارە () رۆژی() 2006ی دا بەپێی حوکمی برگەی (1) ماددەی (56) یاسای ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموار کراو ئەنجامی داوە, پشت بەو صلاحیەتەش کە برگەی (39)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە, بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی خوارەوەماندا:**

**ماددەی یەکەم: برگە (2)ی ماددە دووەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1998 کوژاندنەوەو جیاکردنەوەی زەوی ناو سنووری شاروانییەکان هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:**

**دووەم: ئەوانەی مافی بەکارهێنانیان لەو زەویانەدا هەبووە بەرێژەی 12٪ هەموو رووبەرەکانی ئەو زەویانەی کەمافی بەکارهێنانیان واتا التصرف تێدا کوژێنراوەتەوە قەرەبوو دەکرێـتەوەو, بەناوی خۆیانەوە بەملکی تەواوی خۆیان تۆمار دەکرێن.**

**ماددەی دووەم: برگەی (2)ی ماددەی سێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1998 کوژانەوەو جیاکردنەوەی زەوی ناو سنووری شارەوانییەکان هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێـتەوە:**

**2-خاوەن ئەو زەویانەی بە هەمان واتا بەزەوی بەرێژەی 20٪ کۆ رووبەری ئەو زەویانەی بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێن قەرەبوو دەکرێن و مافی ئەوەشیان هەیە ئەو رووبەرە زەویە کە پێیان دراوە بەجۆرێ جیاکردنەوەی بکەن لەگەڵ جۆری بەکارهێنانە ئیقرارکراوەکان پێچەوانە نەبێ.**

**ماددەی سێیەم: هەر دەقێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ناخرێـتە کار.**

**ماددەی چوار: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار.**

**ماددەی پێنجەم: ئەم یاسایە لەو رۆژەوە دەخرێتە کار کە لەوەقائعی کوردستانەوە بلأودەکرێـتەوە.**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەم پرۆژەیەی یاسای هەموارکردنی یاسای کوژاندنەوە و جیاکاری زەوی, لەسنووری شارەوانیەکان پێویستە لەلایەن لێژنەی یاسایی و لێژنەی شارەوانی و لێژنەی کشتوکاڵ بەوردی دیراسەت بکرێتن, راپۆرتیان حازر بکەن بۆ ئەو کاتەی کەدیاری دەکەین, بۆ مناقشە کردن, ئێستا بۆ برگەی دووەم واتا خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی راگرتنی بریاری ژمارە(368)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە, فەرموو.**

**بەرێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهربان, بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عیراق**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 39

**ساڵی/ 2007 – بەرگی سی و نۆ**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2007**

# پێڕیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/7 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/8 ل37

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/14 ل63

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/15 ل117

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/1/24ل125

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/13 ل171

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/3/26 ل181

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/27 ل235

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/2 ل279

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/3 ل317

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/4 ل343

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/10 ل385

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/11 ل445

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2007/4/14 ل549

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/16 ل577

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانیەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك سعد محمد امین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین و چاوەڕوانیشمان دەکرد کە وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکاڵ ئامادە بن, رەنگە بۆ کاتی گفتوگۆ یەکێکیان ئامادە بن, هەروەها لە سەرەوە چەند میوانێك بۆ چەند دەقیقەیەك هاتوون بەخێر هاتنیان دەکەین بۆ فریز بریك بەڕێوەبەری گشتی دیکۆمەنتە لە هین, ئاناویندرشۆن هەروەها ئەویش بەڕێوەبەری دیکۆمەنتە لەگەڵ چنار خان, عەلی مەندەلی و دکتۆرە جنان کە لە سەرەوە ئامادەن لەگەڵمان بەخێر بێن سەرچاوان.

خاڵی یەکەم لە بەرنامەکەمان: پێش چاوخستنی دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز (رفعت عبدالله حمەڕەش), کاك رەفعەت عەبدوڵلا حمەڕەش کە ئەندامی پەرلەمان بوو لەسەر لیستی کوتلەی سەوز بوو, واتا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پۆستی لێپرسراوەتی کەرکووکی وەرگرتووە, لەبەر ئەوەی بڕیارێك هەیە نابێت دوو پۆستی هەبێت, بۆیە دەستی لە ئەندامێیەتی پەرلەمان کێشاوەتەوە, نامەیەکی بۆ سەرۆکایەتی ناردووە دەڵێت: من کە ناوم نووسراوە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم, داواکارم لەسەر داوای خۆم واز لێهێنانم قەبوڵ بکەن, ئەمە دەخەمە دەنگدانەوە, تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کێ لەگەڵ ئەوەیە لەسەر داواکاری خۆی و وەزعەکەی ئاوایە قەبوڵی دەست لە کار کێشانەوەکەی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ دا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, لە هەمان کاتیشدا وەکو لە لیستی یەکێتییە, مەکتەبی سیاسی یەکێتی نامەیەکی بۆ ئێمە نووسیووە, دەڵێت: بەڕێز (کریم مجید شریف) ناسراو بە (جوتیار) یەدەگی یەکەمە لە لیستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ مەبەستی دانان لە شوێنی کاك (رفعت عبدالله حمەڕەش), کە وازی هێناوە لە ئەندامیەتی پەرلەمان, بۆ پڕ کردنەوەی شوێنەکەی, ئەمەش دەخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز, کێ لەگەڵ دایە کە کاك (کریم مجید شریف) ناسراو بە (جوتیار) ئەندامی یەدەگی لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستانە, جێگای کاك (رفعت عبدالله حمەڕەش) بگرێتەوە, وەکو ئەندام کێ رازییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, داوا لە کاك کەریم مەجید شەریف ناسراو بە جوتیار دەکەم بێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (کریم مجید شریف)م سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, پیرۆزە, فەرموو, پیرۆزبایی گەرم لە کاك کەریم مەجید شەریف دەکەین بەبۆنەی قبوڵی بە ئەندام پەرلەمان و ئومێد دەکەین دەورێکی باش ببینێتن وەکو چاوەڕوان دەکرێت لە دەوڵەمەند کردنی ئەو بابەتانەی کە لێرە باس دەکرێتن بۆ دەرهێنانی یاسا, دەوری خۆی دەربهێنێتن لەو لیژنانەی کە بەشداری تێدا دەکاتن, دواتر باسی ئەوە دەکەین لە کام لیژنە بەشدارە, خاڵی یەکەم و دووەمی بەرنامەی کارمان تەواو, خاڵی سێیەم مەسەلەی داوا لە لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن, بەڕێزان ئێمە دوێنێ موناقەشەی پرۆژەی یاسای مافی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستانمان کرد, چەند خاڵێکمان تەواو کرد, دوێنێ جەنابی وەزیر لەگەڵمان بەشدار بوو چەند جاریش سەفەرەکەی لەبەر ئەو پرۆژەیە دواخست بە ناچاری دەبوایە سەفەرەکەی بکاتن, دواجار سەفەرەکەی ئەمڕۆ سەعات حەوتی بەیانی بوو نەدەکرا تاخیری بکاتن, لەبەر ئەوە ڕۆیشت, جگە لەوەش ئەو پرۆژەیە موناقەشەی زۆر هەڵدەگرێتن, جا پێشنیارێك هەیە دوای بخەین تا دواتر هەم بۆ ئەوەی مەجال بدرێتن موناقەشەی زیاتر بکرێتن, ئەو ڕێکخراو و سەنتەر و ئەوانە موهتەم بن بە مەسەلەی شەهیدان و خاڵیان هەیە, پێشنیاریان هەیە, هەم بۆ ئێوە زیاتر پرۆژەکە بخوێننەوە, پێشنیارێك هەیە ئەوە دوا بخەین, دەیخەمە دەنگدانەوە ئەگەر موئەیدی ئەو پێشنیارەن دوای بخەین بۆ پاشی (3/1) لە دەورەی داهاتووی پەرلەماندا موناقەشە بکرێتن, ئەو وەختی هەم وەزیر خۆی حازرە, هەم ئەندامانی پەرلەمان حازرن, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەمدیدی پشووی پەرلەمانمان کرد بۆ (15) ڕۆژ, بۆ ئەوەی ئەو دوو پرۆژەیە تەواو بکەین, ئێستا پرۆژەی یەکەم دەستمان پێ کردووەو مەرحەلەیەکی باشمان لێ قەتع کردووە, بە حەقیقەت من لەگەڵ ئەوەدام کە ئێمە بەردەوام بین لە موناقەشەکە و ئەو پرۆژەیە تەواو بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیە دوابخرێت بۆ پاشی (3/1) دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئێستا بەردەوام بین لە موناقەشە کردنی پرۆژەکە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, 37 بە 41 دەنگ, کەواتە دوا دەخرێت بۆ دەورەی داهاتوو.

خاڵی چوارەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانیەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

لیژنەی یاسایی و ئەو لیژنانەی کە ڕاپۆرتیان هەیە لەسەر ئەوە, لیژنەی شارەوانییەو لیژنەی کشتوکاڵ بێن دانیشن لە شوێنی خۆیان, ئێمە حەزمان دەکرد وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری شارەوانی لێرە بان, کە ئەم پرۆژەیە پەیوەندی بەو دوو وەزیرەوە هەیە, نازانم ئەگەر کاك سەعد تەفسیلێکی هەبێت, فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی خاڵی سێیەمی خشتەی كار بڕیار وا بوو تەواو كردنی پرۆژەی یاسای مافی كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوان بكرێت, بۆیە ئێمە لەگەڵ وەزیری كشتوكاڵ قسەمان كرد لە دەوروبەری سەعات (12) حازر بێت, ئەگەر ئیمكان دەبێت لە رووی قانونی دە دەقیقە, یان چارەگێك دانیشتنەكە دوابخرێت, تاوەكو ئێمە پەیوەندی پێوە بكەین و حازر بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە دەتوانین بە لای كەمی راپۆرتەكان بخوێنینەوە, واتا راپۆرتی لیژنەی یاسایی, بەڵام هەر دەبێت وەزیر ئامادە بێت و گوێی لێ بگرێت, ئێمە بەردەوام دەبین, خۆی گوتی لە رێگام, رەنگە ئێستا بێت, هەر وەختێتك هات دەتوانێت ئینزیمام بكاتن, خۆی دەبوایە وەزیری شارەوانی لێرە بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

لەبەر ئەوەی وەزیری پەیوەندار ئامادە نییە, بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەمەش بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان كە هەردووكی تەئجیل بكرێت بۆ دوای دەورەكەو كۆتایی بە دانیشتنەكانمان بێنین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز دكتۆر كەمال وتی (100٪) دەبێت وابێت, چونكە كوژاندنەوەی زەوی و زار بەبێ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزیری كشتوكاڵ بەهیچ شێوەیەك نابێت, لەبەر ئەوە پشتیوانی لە پێشنیارەكەی دەكەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو یاسایە پەیوەندییەكی راستەوخۆی هەیە بە مافەكانی هاووڵاتیان, پێم وایە ئەگەر ئەو یاسایە دوابخرێت خەڵكێكی زۆر زەرەرمەند دەبن, لەبەر ئەوەی پرۆژەی كوژاندنەوەو ئیستیملاك كردنی زەوی و زار بەردەوامە, كە دوابخرێت ئەو خەڵكانە مەحروم دەبن لەو ئیمتیازاتانەو ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتووە, بۆیە من پێشنیار دەكەم بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی کوژاندنەوەو حقوقی مەلاك ئەوەی لەم قانونە هاتووە, خوا هەڵناگرێت زیاتر لە چل ساڵە ئەو مەوزوعە هەیە, بە دوو مانگی تر چی بەسەر دێت, با تەئجیل بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێخەڵلاّ.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر ڕەئیم ئەوەیە تەئجیل بکرێت, لەبەر ئەوەی هەردوو وەزیری پەیوەندار لێرە ئامادە نین, شتێکی زۆر گرنگیشە, یەعنی هەر ئەوە نییە وەکو کاك خورشید وتی چەند ساڵە ڕاوەستاینە, با ئەو مانگ و نیوەش ڕاوەستین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە زۆر سوپاس, قسە تەواو کرا, چیە کاکە, ئەگەر خاڵی نیزام نەبێتن, دەڵێم خاڵی نیزام نییە, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وامان زانی ئەو ماوەی پشووە درێژ کرایەوە, کارێکی زۆر چارەنووسساز هەیە, ئەگەر نەیکەین خەتەرێکی گەورە لەسەر حکومەتەکەمانە, هەردوو یاسایەکە دوا دەخرێت, ئەی کێ ماڧی ئەو ئەندام و ئەوە ماوەی پشوویان بوو ماندوو بوونیان دەداتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامانی پەرلەمان واجیبی سەرشانی خۆیانە و واجیبێکە میللەت پێی سپاردووە, هەر وەختێك پێویستی کرد هەتا لە پشووی خۆشیدا کار بکاتن و کۆببێتەوە, لەو ماوەی ئەو پازدە ڕۆژەدا ژمارەیەك لە پرۆژەی یاساکان خوێندرایەوە, کە زۆر گرنگ بوون, ئێمە بۆ ئەوانە تەئجیلمان کرد, بۆ ئەو دوو یاسایە تەئجیلمان نەکرد, بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژانە بووە, بۆ ئەوەی لیژنەکان فورسەتێکیان هەبێتن لە دەست پێ کردنی خولی پەرلەمان پاشی (3/1) یەکسەر پرۆژەکان تەواو بکەین, بۆ ئەوە نەبوو ئێمە موناقەشەی پرۆژەی کوژاندنەوە بکەین, سەبەبی یەکەمی خوێندنەوەی ئەو پرۆژانە بوو, چونکە ئەگەر وامان نەکردبا, دەبوایە جارێکی تر حکومەت پرۆژەی بناردبوایەوە, واتا سقوتی دەکرد, ئەگەر پشووی بەبەرکەوێت ئەو پرۆژەیە سقوت دەبێت, تەمدیدەکە لەبەر ئەوە بوو, ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە, دوو پێشنیار هەیە, یەکێکیان دەڵێت دوابخرێت بۆ خولی تازە پاشی (3/1), ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە موناقەشەی ئەو پرۆژەیە

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/4/16دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی هەمووارکردنی یاسای کرێی خانووبەرە ژمارە (87) ساڵی 1979، کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆمان هاتووە.**

**2- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانییەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.**

**بەخێرهاتنی بەرێز کاک عبدالعزیز طیب وەزیری کشتوکاڵ، خاتوو نازەنین وەزیری شارەوانی، کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەوەی بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن بۆ خوێندنەوەی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارەکەمان (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەمووارکردنی یاسای کرێی خانووبەرە ژمارە (87) ساڵی 1979، کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆمان هاتووە). پرۆژەکە بە کوردی دەخوێنرێتەوە، فەرموو.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێستاش دەقی پرۆژەکە بەکوردی دەخوێنمەوە.**

**پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای کرێی خانووبەرە ژمارە(87) ساڵی 1979**

**یاسای ژمارە (  )ی ساڵی 2000**

**یاسایی هەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە 87ی ساڵی 1979ی هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:**

**1-بڕیاری (220)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێندرێتەوە.**

**2-بڕیاری (48)ی ساڵی 2005 هەڵدەوەشێندرێتەوە.**

**3-بڕگە (1) (أ- ب- ج) لەماددەی چوارەم لەیاسای بەکرێ دانی خانووبەرەی ژمارە (87)ی ساڵی 1979 هەڵدەوەشێندرێتەوە.**

**دووەم: ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە:**

**یەکەم:**

أ-ئەو خانووبەرانەی گرێبەستی بەکرێدانیان لە دوای رێکەوتی 2007/1/1 گرێدراوە، بەدەر دەبن لە حکومەکانی یاسای بەکرێدانی ژمارە (87)ی ساڵی 1979، لە بەکرێدانیان دەکەونە ژێر حکومەکانی یاسای شارستانی جگە لەو خانووبەرانەی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکرێ دەدرێن، ئەوانە لە بەکرێدانیاندا دەکەونە ژێر حوکمەکانی یاسای بە کرێدانی ژمارە (87)ی ساڵی 1979.

ب-کرێی ساڵانەی ئەو خانووبەرانەی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون لە رێژەی 4٪ پتر نەبێت لە کۆی گشتی نرخی خانووبەرەو شوقەکانی بۆ نیشتەجێبوون ئامادە کراوەو بۆ ئەم مەبەستە بەکرێدراون.

ج-کرێی ساڵانەی ئەو خانووبەرانەی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکرێ نادرێن لە رێژەی 6٪ی کۆی گشتی نرخی خانووبەرەو شوقەکانی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکار نایەن, پتر نەبێت، یان لەو خانووبەرەو شوقانەی بۆ نیشتەجێبوون ئامادە کراون، بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بە کرێ نەدراون، وەکو نووسینگەو فەرمانگەو قوتابخانە و بەشەکانی ناوەخۆیی و یانەکان.

د-ئەو خانووبەرانەی بەکرێ دراون، یان ئەوانەی لە لایەن فەرمانگەو دەزگاو رێکخراوەکانی حکومەت بەکرێ دراون، کرێکانیان دەکەوێتە  ژێر حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی بەرکار و برگەی (ب)ی سەرەوە لەدیاری کردنی ساڵانە پیادە دەکرێ.

دووەم:

1-بەکرێدەرو کرێچی لەو خانووبەرانەی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکار نایەن, وەکو (شوێنەکانی پیشەسازی و بازرگانی و پیشەیی...تاد)، بەپێی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی بەرکار و ئەوانەی لەسەر گرێبەستی بەکرێدانیان ماوەی (5) ساڵ زیاتر تێپەڕبووە، بۆیان هەیە داوای دووبارە خەملاندنەوەی کۆی گشتی نرخی بەکرێدان و لە فەرمانگەکانی باجی زەوی و زار بکەنەوە، هەروەها مافی داوای دووبارە خەملاندنەوەی سەر لەنوێیان هەیە، دوای تێپەڕبوونی هەر (5) ساڵ بۆ مەبەستی خەملاندنی کرێیەکە لایەنی پەیوەندیدار مافی دەربڕینی نارەزاییان هەیە سەبارەت بەو خەملاندنانەی لەبەردەم دادگای بەرایی شوێنی بەکرێدراوەکە لەماوەی (30) رۆژدا، لەرۆژی ئاگاداربوون لەبڕیارەکە، بڕیارەکە بنەبڕدەبێ، بە مەرجێك نابێ فەرمانگەکانی باج و دادگا ئەو زیادەو چاکردنەوەو نۆژەنکردنەوە کە کرێچی کردوویەتی لە کاتی خەملاندندا، لەبەرچاو بگرێت.

2- دووبارە کردنەوەی خەملاندن لە6٪ی کۆی گشتی نرخی خانووبەرەکە دەبێ.

3- ئەگەر گرێبەستی بەکرێدان نەنووسرابێتەوە، بەکرێدەر و کرێچی بۆیان هەیە بوونی گرێبەست و ناوەڕۆکەکەی بەهەموو رێگاکانی سەلماندن بسەلێنی بەدەر لە حکومەکانی یاسای سەلماندنی ژمارە (107)ی ساڵی 1979.

سێیەم: خاوەنی خانووبەرە بۆی هەیە داوای چۆل کردنی ئەو بەکرێدراوەی بکات دەکەوێتە ژێر سێبەری حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی سەرەوە بۆ مەبەستی تێکدان و دووبارە بنیاتنانەوەی لەسەر شێوەی تەلار لە سێ نهۆم کەمتر نەبێ بەنهۆمی خوارەوەی سەر زەویشەوە، لە سەنتەری پارێزگا و هەردوو

نهۆم به نهۆمی سەر زەویشەوە لە قەزا و ناحیەکاندا یان روخاندن و دووبارە بنیاتنانەوەی بە پێی ئەو بەرزەفتکارانەی کە لە ناوچەی بازرگانی مامەڵەی پێ دەکرێ بە پێی نەخشەی بنەرەتی کە لە شارەوانیدا پشتی پێ بەستراوە لە گەڵ بەرچاو گرتنی ئەمانەی خوارەوە:

1- ئەگەر بنایە لە ماوەی ساڵێکدا لە رێککەوتی چۆڵکردنەکە بەبێ پاساوێکی رەوا تەواو نەبوو. کرێچی مافی ئەوەی هەبێ داوای قەرە بووی ئەو زیانانەی پێی کەوتووە بکات و ئەو داهاتەی لە دەستی چووە لە بەر هۆی چۆڵکردنەکە، سەرباری ئەوەی مافی ئەوەی دەبێ لە بەکرێدراوەکەدا سەر لە نوێ بمێنێتەوە هەر بە مەرجەکانی پێشوو، ئەگەر خاوەن موڵك لە میانەی ئەو ماوەیەدا دەست بە تێکدانی نەکات.

2- ئەگەر لە دەقی ئەو ماوە یاساییەدا بنایەکەی تەواو کرد، ئەوە کرێچیەکە مافی ئەوەی دەمێنێ لە یەکەی خانووبەرەی کە لە تەلارەکەدا دروست کراوە و هەر بە قەد ئەو بەکرێدراوەیە کە پێشتر چۆڵی کردبوو لە لایەنی سود وەرگرتن و شوێن گەورە و بچووکی بە پێی توانا، و بە گرێبەستێکی نوێ و بە پێی خەملاندن و مەرجەکانی کە لە دەقی ماددەی (2)ی ئاماژە بۆ کراوەی ئەم یاسایەدا هاتووە.

3- کرێچی مافی ئەوەی هەیە داوای بەهای ئەوەی لە بەکرێدراوەکەی خەرج کردووە، لە زیاد کردن و چاککردنەوە و نۆژەنکردن و دیکۆرات لە بەکرێدراوەکە بکات بەر لە چۆڵ کردن، ئەگەر هاتوو ئەو زیادکردن و چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە مۆڵەتی نووسراو بێ لە لایەن خاوەن موڵکەکەوە پێی درابێ.

4- جێگرەوەی یاسایی شوێنی خاوەن موڵکی بەکرێدەر دەگرێتەوە، و میراتگرانیش شوێنی کرێچی دەگرنەوە لە هەموو ماف و پابەندیەکانی کە لە دەقی ئەم یاسایەدا هاتووە.

ماددەی دووەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

ماددەی سێیەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمدا بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی چوارەم: کار بە یاسا و بڕیارەکانی باجی بە کار دەکرێت ئەوانەی کە پێچەوانی حوکەکانی ئەم یاسایە نین.

ماددەی پێنجەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی شەشەم: ئەم ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە و بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی وقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکرێت، تکاشم وایە پێش ئەوەی راپۆرتەکەیان حازر بکەن دانیشتنێکی هاوبەش بکەن، ئەگەر نوقاتی خیلافیان هەبێتن یەکلاییان نەکردەوە ئەوە ئەو کات هەریەکەو ئیحتیفاز بە رەئی خۆی دەکاتن، بەلاْم محاوەلە بکرێتن بۆچوونەکانیان نزیك یەك بێتەوە، رێك نەکەوتن ئەو وەختە لێرە هەر یەکەو ڕەئی خۆی دەڵێتن، خاڵی دووەم لەبەر نامەی کارمان (خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لە سنووری

شارەوانییەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998. کە لەلایەن حکومەتەوە بۆمان هاتووە، داوا لە لیژنەی کشتوکاڵ و شارەوانیش دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان جێگایان وەرگرن، دانیشن لێرە بۆ خوێندنەوەی راپۆرتیان، لیژنەی یاسایی دوو کەستان بەسە، ئەگەر زەحمەت نەبێ، لەبەر جێگا، کاک رەشاد بۆ نایەیت، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێنرێتەوە بە کوردی و بە عەرەبی لە موناقەشەدا خاڵ بەخاڵ مەشروعەکە بەکوردی و بەعەرەبیش دەخوێنینەوە، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجنتنا بدراسة مشروع تعديل قانون إطفاء و إفراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم (3) لسنة 1998 المحال إليها بعد القراءة الأولى له في البرلمان بتاريخ 2006/11/14 واجتمعت اللجنة بتاريخ 2006/12/3 مع ممثلي الوزارات المعنية وعدد من الخبراء والمختصين والملمين بمواضيع الأراضي من الشرائح المختلفة من شرائح المجتمع.

وكذلك عقدت أجتماعاً أخراً بتاريخ 2006/12/5 مع عدد من أصحاب الأراضي والملمين بمشاكل الأراضي في أقليم كوردستان و أطلعت على آرائهم وأفكارهم التحريرية والشفوية وعقدت اللجنة أجتماعها بتاريخ 2006/12/12 بحضور جميع أعضائها عداً العضو السيد قادر سعيد خضر (زانا) الذى كان مجازاً وبعد المناقشات والمداولات المستفيضة توصلت اللجنة بأجماع الآراء الى مايلى:-

1-توصى اللجنة باعادة النظر في القانون رقم 53 لسنة 1976 والقرار رقم 222 لسنة 1977 والقوانين الزراعية الأخرى وإعداد مشروع متكامل لحل مشاكل الأراضي في إقليم كوردستان بضمنها معالجة المشاكل الناجمة عن العقود الزراعية المبرمة بين وزارة الزراعة والفلاحين الذين يتولون زراعتها أو عند شمول أراضيهم بالاطفاء أو اية مشاكل اخرى ناجمة عن ذلك و بالسرعة الممكنة.

2-كما توصي اللجنة بتنفيذ معاملات الاطفاء والافراز من قبل الوزارات المعنية حسب الضوابط الواردة في القانون رقم 53لسنة 1976 و القرار رقم 222 لسنة 1977 لحين تشريع قانون خاص بهذا الخصوص كما هو مبين في الفقرة (1) اعلاه من هذا التقرير.

3-كما تقترح اللجنة جعل نسبة التعويض الواردة في المادتين الأولى و الثانية من المشروع كالآتي: 20٪ من مجموع مساحات الأراضي المطفاء حق التصرف فيها و30٪ من مجموع مساحات الأراضي التى تسجل بأسم البلدية.

4-وتقترح اللجنة اضافة مادة جديدة في المشروع المقدم الى البرلمان بخصوص تعديل القانون رقم 3 لسنة 1998 بأعفاء الأراضي السكنية أو التجارية التى تخصص لمالكي تلك الأراضي مقابل أطفائها من ضريبة العرصات لمدة سنتين إستثناءً من أحكام قانون ضريبة العرصات النافذ في الإقليم بعد أخذ رآي وزارة المالية.

5-و تقترح اللجنة اضافة مادة جديدة اخرى الى المشروع بالصيغة التالية:

تسري احكام هذا القانون على كافة معاملات اطفاء وافراز الأراضي داخل حدود البلديات غير المكتسبة قراراتها الدرجة القطعية.

6-وتقترح اللجنة إعادة صياغة ديباجة المشروع وصياغة الأسباب الموجبه لتشريع التعديل.

وتكون الصيغة المقترحة لمشروع القانون بعد قبولها كالآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة 2007**

**قانون التعديل الأول لقانون اطفاء و افراز الأراضي**

**داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998**

المادة الأولى : تعدل الفقرة (2) من المادة الثانية من قانون اطفاء وافراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 وتقرأ كالآتي:

2- يعوض أصحاب الحقوق التصرفية في تلك الأراضي بنسبة قدرها 20٪ من مجموع مساحات الأراضي المطفأ حق التصرف فيها و تسجل باسمائهم ملكاً صرفاً.

المادة الثانية : تعدل الفقرة (2) من المادة الثالثة من قانون اطفاء وافراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 وتقرأ كالآتي:

2- يتم تعويض اصحاب تلك الأراضي عيناً بنسبة قدرها 30٪ من مجموع مساحات الأراضي التي تسجل باسم البلدية وتسجل مفرزة باسمائهم ملكاً صرفاً.

المادة الثالثة: تضاف المادة التالية الى القانون بتسلسل المادة الخامسة(مكررة) و تقرأ كالآتي:

المادة الخامسة (مكررة):

تعفى الأراضي السكنية أو التجارية التي تخصص مقابل اطفاء الأراضي داخل حدود البلديات من ضريبة العرصات لمدة سنتين اعتباراً من تاريخ تسجيلها باسماء اصحابها لدى مديريات التسجيل العقاري المختصة.

المادة الرابعة:

تضاف المادة التالية الى القانون بتسلسل المادة السادسة (مكررة ) و تقرأ كالآتي:

المادة السادسة (مكررة):

تسري احكام هذا القانون على كافة معاملات اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات غير المكتسبة قراراتها الدرجة القطعية.

المادة الخامسة:

لا يعمل باي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون .

المادة السادسة:

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع و رأي اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة وأبداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ ئەوەی وەقت كەسب بكەین كوردیەكەی دوایی كە هاتینە سەری خاڵ بەخاڵ دەیخوێنینەوە ئێستا لیژنەی كشتوكاڵ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی كشتوكاڵ**

ئاماژە بەنووسراوی بەڕێزتان ژمارە(60) لە رۆژی 2006/11/16 بۆ لیژنەكەمان دەربارەی هەمواركردنی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1998یاسای كوژاندنەوەو جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانیەكان، لیژنەكەمان لە رۆژی 2006/11/19 كۆبوونەوەی یەكەمی گرێدا، پاشان لە چەند كۆبوونەوەیەكی ئاساییدا لەگەڵ پسپۆڕانی ئەم بوارەدا دواكۆبوونەوەمان بەم شێوەی خوارەوەیە:

دەربارەی بڕگەی (2) لە ماددەی دووەم پێشنیار دەكەین بەم شێوەیە بێت:

أ-خاوەن مافەكان لە بەكارهێنانی زەوییەكانیان (اصحاب الحقوق التصرفية) قەرەبوو دەكرێنەوە بە رێژەی (15٪) لە كۆی رووبەری ئەو زەوییانەی كە مافی بەكارهێنانی تێدا كوژاوەتەوەو ئەو رێژەیەش وەكو موڵكی سەرف بەناویان دەكرێت.

ب-ئەگەر نەتوانرا بەپێی بڕگەی(أ) قەرەبوو بكرێنەوە، ئەوا بەزەوییەكی هاوشێوەی ئەو زەوییە قەرەبوو دەكرێنەوە یان بەپارە قەرەبوو دەكرێنەوە، بەقەدەر ئەو زەوویەی لە بڕگەی (أ) ئاماژەی پێكراوە.

ج-خاوەن پەیوەندییە كشتوكاڵیەكان و خاوەن عەقدەكان ئەو كەسانەش كە خۆیان بۆ كشتوكاڵ یەكلاكردووەتەوە( المتفرغون) كە زەوییەكانیان تملیك نەكراوە بەڕێژەی رووبەری ئەو زەویانە قەرەبوو دەكرێنەوە كە دەستیان بەسەردا دەگیرێت ئەگەر ئەوەش نەكرا بەڕێژەی (4٪) لەشوێنی خۆیان قەرەبوو بكرێنەوە.

دەربارەی بڕگەی (2) ماددەی سێیەم پێشنیار دەكەین بەم شێوەیە بێت:

أ-خاوەن زەوييەكان واتە موڵكدارى سەرف فەرەبوو دەكرێنەوە بەڕێژەى (25٪) لەكۆى رووبەرى ئەو زەويانەى كە مافى بەكارهێنانيان تێدا كوژاوەتەوە، ئەو رێژەيەش وەكو موڵكى سەرف بە ناويان دەكرێت، ئەگەر نەگونجا ئەوا بەهەمان رێژەو بەزەوى هاوشێوە فەرەبوو دەكرێنەوە يان بەپارە بەقەدەر نرخى ئەو پارچە زەوييانە فەرەبوو دەكرێنەوە.

ب-لەكاتى فەرەبوو كردنەوەى خاوەن زەوييەكان ڕەچاوى شوێنى ئەو زەوييانە دەكرێت كەبەريان دەكەوێت سەبارەت بە شەقامى سەرەكى و پلەى ئاوەدانكردنەوە بەڕێژەى (25٪)ى رووبەرى زەوييەكەيان بۆ مسۆگەر دەكرێت.

ج- هەوڵ بدرێت كەزەوى دەيمى وبەردەڵان ( الصخرية) ئەم ياسايە بيگرێتەوەو زەوييە تەخت و بەراوەكان بۆ كشتوكاڵ بەكاربهێنرێن. لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ليژنەى شارەوانى فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمەش هەروەها ئيعادەى نەزەرمان كردەوە لە ئيشى خۆمان دەنگمان دەخەينە پاڵ دەنگى ليژنەى ياسايى، بەو نيسبەيەى كە هاتيە، بەڵام يەك نوقتە حەز دەكەم روونكردنەوەيە بدەم، ئەو دوو بابەتە ئەرزى زراعى صرف و ئەرزى زراعى (مملوكة للدولة، قانونياً) جياوازييەكيان هەيە ئەوەى ئەرزى مولك صرفە ئەبوايە بە قانونى ئيستملاك چارەى بكرايە نەك بە قانونى إطفاء من وا دەبينم لێرە تێكەڵاوييەك هەيە لەو قانوونەى، لێرەدا دەبوايە بەس باسى إطفاء بكرايە لەو پرۆژەى روونكردنەوەكەشى بەجىَ دێڵم بۆ برا ياساييەكان زياتر روونى بكەنەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس پێش ئەوەى بچينە سەر گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەى ياساى إطفاء كەلەلايەن حكومەتەوە بۆمان هاتووە، پاش ئەوەى گوێمان لەڕاى ليژنەكان بوو، من دەمەوىَ دوو قسە بكەم پێش ئەوەى موناقەشە بكەينەوە، ديارە ئەم ياسايە، كە دەرى دەكەين ئەهەمييەتێكى زۆرى هەيە، وە پەيوەندى نەك تەنها بەحكومەتەوە هەيە، پەيوەندى بەخاوەن زەوى هەيە، پەيوەندى بەهاووڵاتى هەيە، پەيوەندى بەشارەكە هەيە، پەيوەندى بەتەختيتى شارەكانيش هەيە، هەموو شارەكانى كوردستان پەيوەندى بەفەرمانبەرەوە هەيە بەكەسوكارى شەهيدانەوە هەيە، بەپێشمەرگەى دێرينەوە هەيە، چونكە بەشێكيان هەن تائێستا زەوييان وەرنەگرتووە، بەپێى قانون حەقى خۆيانە زەوى وەربگرن، حكومەتيش ناتوانێت زەوييان بداتىَ لەبەرئەوەى زەوى نەماوە، چاوەڕوان دەكاتە ئەو ئەزانێت إطفاء دەكرێتن بەشێكى تەرخان بكاتن بۆ دابەش كردن لەسەر ئەو كەسانەى كە موستەحەقن، لەبەر ئەوەى كە ياسايەك دەردەكەين يان رەئى لەسەر پرۆژەيەك دەدەين دەبىَ هەموو حەقايقەكانمان لەپێش چاو بێت، من لێرە ديفاع لە پرۆژەكەى حكومەت

ناکەم لەبەر ئەوەی پرۆژەی حکومەتە، کاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە قانونێك دەربکەین، هەم قانونەکە عەدالەتی تێدا بێت هەم زەمیریشمان لەگەڵ قانونەکەدا بەکار بهێنین، هەم چەند ئەو قانونە جێبەجێ دەکرێتن، لە رووی عەمەلییەوە لە پێش چاومان بێت، ئێمە نوێنەری میللەتین، کە قانونێك دەردەکەین دەبێ میللەتمان لە پێش چاو بێت، ئەم قانونە کە بۆمان هاتووە لەلایەن حکومەتەوە، پرۆژەیەکی تازە نیە، بڕیارێکی حکومەتی هەرێم هەیە، قیادەی سیاسی هەیە کە دەبێ قەرارات و قەوانین لە کوردستاندا یەك بخرێت، بەهۆی شەڕی ناوخۆییەوە کەبەداخەوە ئەو دوو ئیدارەیە دروست بوو، چەند ساڵ لەو دوو ئیدارەیەدا قەوانین چەند جیاوازییەکیان تێدا پەیدابوو، نا عەدالەتیەك پەیدا بوو، لەبەینی خەڵکێك لەسلێمانی و ناوچەکانی سلێمانی ژێر ئیدارەی سلێمانی و لەگەڵ خەڵکێك لەئیدارەی هەولێردا، لە هەندێ بواردا ناعەدالەتی ئەو خەڵکانەی گرتەوە، لە سنووری ئیدارەی سلێمانیدابوون، لەهەندێ حاڵەتدا ناعەدالەتی ئەو خەڵکانەی گرتەوە، کەلەسنووری هەولێر و دهۆکدا بوون، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە هاوکاری حکومەت بکەین بۆ ئەوەی ئەو فەرق و جیاوازییە نەمێنێت، وە قەرارەکە نابێت دووجۆر قانون هەبێت دوو جۆر قەرار هەبێت، ئەم پرۆژەیەی کەهاتووە، بۆ ئەوەیە ئەو جیاوازییەی لەو قانونانەدایە یەك بخرێت، نەك شتێکی تر، پرۆژەیەکی تازە نیە، لەبەر رۆشنایی قەرارێکی حکومەتە، قەرارێکی رێك کەوتنی هەردوولایە کە دەبێ جیاوازی لە نێوان قەرارەکاندا نەمێنێتن، نوقتەی هەر گەورە کەلەو پرۆژەیەدا هاتووە، نسیبەکەیە، ئەو ئەرازیە جاران کە إطفاء دەکرا، لە (8٪)بۆ ئەوانەی حەقی تەسەروفیان هەیە مەملوکە للدولەیە لە ئەرازی، لە (8٪)بۆ ئەوان دانرابوو لە (12٪)بۆ ئەوانەی مولکی سورفن لە سلێمانیدا لە( 012٪) بوو بۆ ئەوانی مەملوکە للدولەیە و لە (20٪)بوو بۆ ئەوانەی سەرفن واتە لە سلێمانیدا ئەوانەی إطفاء یان بۆ کراوە نیسبەکەیان زیاتر بوو لێرەدا کەمبووە، ئیستا پرۆژەی حکومەت کە بۆمان هاتووە، بۆ تەوحیدەکە رەئیەکەی سلێمانی پەسەند کردووە بۆ هەموو کوردستان، یەعنی ئەو قانونەی کەلەوێدا هەبووە( دوازدە بە بیستەکە) کە جەوهەری ئەم پرۆژەیەیە، وەکو ئەوی لێهاتووە، بۆیە دەیخەمە بەردەم ئێوە کە لیژنەکان موناقەشەیان کردووە هەریەکە ئەگەرچی کە ڕاپۆرتەکانیان خوێندەوە، داوای رێژەیەکی تازەیان کرد، بەداخەوە هیچێك لەلیژنەکان موبەرڕیراتی ئەو زیادەیان دەبوایە بەتێروتەسەل بیکەن، بۆ؟ دیراسەتیان هەبێت لەسەر ئەرزی واقیعدا،ئەونیسبەیە قابلی جێبەجێکردنە لەلایەن حکومەتەوە، چ تەئسیرێکی دەبێتن، ئیجابیاتەکەی بۆمان شەرح بکەن بۆ ئەوەی بتوانین دیفاع بکەین، بۆیە من دەیخەمە بەردەمی ئێوە بۆ موناقەشە، بەڵام دەبێ پێشچاومان روون بێت، من دووبارەی دەکەمەوە لەبەر خاتری حکومەت نییە، بەڵام ئەم قەرارە قەرارێکی وەتەنییە، قەرارێکە بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کوردی، قەرارێکە بۆ عەدالەت، قەرارێکە بۆ هاوکاری کردنی تەختیتی شارەکان، قەرارێکە بۆ ئەوەی فەرق وجیاوازی نەمێنێت لەبەینی ئەو کەسانەی کە قانونەکە دەیانگرێتەوە لەسنووری ئیدارەی کۆنی سلێمانی و هەولێر، بۆیە ئەو قسانەم کرد، ئەمە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان نەك وەکو سەرۆکی پەرلەمان، ئەو مەوزوعە دەمێکە موتابەعە کراوە، وەخۆم لەسلێمانیشدا بووم، لە ئیدارەی ئەوێندەر کە جێبەجێ کرا،

ئەو وەختیش بەدیراسەتێکی زۆرەوە ئەو (12-20)ی کەدانرا، دیراسەتێکی زۆر دەقیق کرابوو، لەگەڵ یاساناسان، لەگەڵ پسپۆڕان لەبواری کشتوکاڵیدا، پسپۆڕان لەبواری شارەوانی، چەند سوودمەند دەبێتن، حاڵەتێکی تریش هەیە، کەئەویش هەر وەك شارەزاییەکی خۆم زۆریشتان لەوەدا داهێنەرن، وەختێك پێش رووخانی رژێمی سەدام کە باسی إطفاء دەکرا، خاوەن موڵك دەهات، واسیتەی دەکرد، بۆ ئەوەی إطفاء ەکە نەکرێت، چونکە ئەرز پارەی نەدەکرد، ئەو لە (8٪)ی کە دەدرا بە خاوەن موڵکەکە ئەوانەی کە مەملوکە للدولەی هەیە یان حەقی تەسەروفی یان موڵك سەرفیشە، ئەو لە (8٪ یان لە 12٪ یان 20٪)ەکەش هەرزان بوو، قیمەتی نەدەکرد لەبەر ئەوە پێی وابوو ئەوە کارەساتێکە بەسەریدا دێتن ئەگەر إطفاء بکاتن، وە ئەگەر ئەو زەوییانەی لەپێشی 2003 إطفاء کراون، خاوەن موڵکەکانیان زەرەریان کردووە، زۆریشە وابزانم، دوای 2003 زۆر خاوەن موڵك هەبوو تەمەنای دەکرد، ناڵێم هەمووی إطفاء بکرێت، وە ئەو (8٪) کە ئێستا بۆتە لە (12٪)پێی وابوو ئەو لە (8٪)ی کە وەردەگرێتن، قیمەتەکەی زیاترە لەو لە (100٪)ی کە ئێستا هەیەتی، چونکە نرخ چووە ئاسمان، نرخ فڕی لە دوو دینارەوە بووەپێنج سەد دینار، لەبەر ئەوەی ئێستاکە کە ئەو نیسبەیە دانراوە، عەدالەتێکە لە عەینی کاتیشدا، زوڵمێکی گەورە نیە، لەوەی کەلە ساڵانی 97و 98 دا إطفاء کراوە، چونکە زەمەنەکە جیاواز بوو نرخی بازاڕ کەم بوو، بەڵام ئێستاکە تۆ قەفزەیەك بکەیت جگە لەوەی کە حکومەت، من نامەوێت ببمە وەکیلی حکومەت، وەزیرەکان خۆیان لێرەنە، بەڵام ئیمکان نیە، بتوانێتن ئەوە هین بکاتن سەدان بڕیار دەرچووە بۆ تەوزیع کردنی پارچە زەوی من ئەزانم ئێستا لەکوێیە، لە ڕانیەو ئەوانە هەموویان ڕاگیراون، إطفاء ی تازەببیتەوە بۆ ئەوەی تەوزیع بکرێن، باشە ئەگەر بەو نیسبەیە هینی بکەین کەواتە ئەو خەڵکەی چاوەڕوان دەکەن هەژارن و فەقیرن، ئێمە نوێنەری ئەوانین وەکو نوێنەری هەموو خەڵکیشین، بەڵام زیاتر نوێنەری ئەوانین، چونکە ئەوان هەژارن چاوەڕوانی ئەو هیمەتەی حکومەت دەکاتن پاش إطفاءەکە پارچەیەك زەوی بدرێتێ، تۆ لێرەدا دەستی حکومەت دەبڕی، کورتی دەکەیتەوە کەنەتوانێتن، ئەو بەڵێنانەی داوێتیە خەڵك جێبەجێ بکات، من ئەو مولاحەزانەی کە دەیدەم، وەکو مەسەلەیەکی گرنگە داوای لێبوردنیش دەکەم کە موداخەلە دەکەم پێش وەی نامەوێتن، بەڵام بەداخەوە کە لیژنەکان ئەوەلەن موتەفیق نین، دووەمینیش بەدیلێکیان نیە، شەرحێکیان نیە، هەر موجەڕەد ئەوەیە نیسبەکە زیاد دەکەن، بۆیە ئێستا دەرگا دەکەمەوە بۆ موناقەشە، ماددە ماددە موناقەشەی دەکەین نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ڕاپۆرتەکەی ئێمە تەفاسیل و شەرح وموبەڕیڕاتەکان نانووسرێ، بەکورتی فەقەرەو بەندەکانمان نووسیوە، کە هاتە سەر خاڵەکان ئەوکاتە شەرحی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو، من مولاحەزەیەکم هەبوو دواتر دەتوانی فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا شكیشم هەبوو كە نوقتەی نیزام بێت، بەڵام لەسەر ئیدارەی جەلسەكە لێرە ئاماژە بەچەند یاسایەك كراوەو بڕیاری 76 و ئەوانە، ڕەنگە بەعزێك لەئەندامانی پەرلەمان نەیان دیبێ یان هەر بەبیستن، پێشنیار دەكەم یەكێكی لیژنەی قانونی لەبرادەران ئەو شتانە روون بكەنەوە، پێش ئەوەی دەست بكەین بە موناقەشە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئەوە بەحەقیقەت مەفروزە، ڕاپۆرتەكەش گەشتۆتە ئێوەو پێویستە ئەندام پەرلەمان خۆی موتابەعە بكات، كە ئەوە چیە بەحەقیقەت، دەرگا دەكەمەوە ماددەی یەكەم با بخوێنێتەوە، ئەسڵی نەسەكە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یەكەم لە ئەسڵی پرۆژەكە وا هاتووە:

بڕگەی (2)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(3)ی ساڵی 1998ی كوژاندنەوەو دابڕدابڕكردنی (جیاكاری)زەوی ناو سنووری شارەوانییەكان هەموار دەكرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

2- ئەوانەی مافی بەكارهێنانیان لەو زەوییانەدا هەبووە، بەڕێژەی(12٪)ی هەموو رووبەرەكانی ئەو زەوییانەی كە مافی بەكارهێنانیان (التصرف)تێدا كوژێنراوەتەوە، قەرەبوودەكرێنەوەو، بەناوی خۆیانەوە بەموڵكی تەواوی خۆیان تۆماردەكرێن.

**بەڕێز قادرسعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: تعدل الفقرة (2)من المادة الثانية من قانون إطفاء الاراضي داخل حدود البلديات رقم(3)لسنة 1998 وتقراء على الوجه الاتي:

2- يعوض اصحاب الحقوق التصرفية في تلك الاراضي بنسبة قدرها(12٪)من مجموع مساحات الاراضي المطفا حق التصرف فيها ويسجل بأسمائهم ملكاً صرفاً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئێستا لیژنەی یاسایی و دواتریش لیژنەی كشتوكاڵ و شارەوانی رەئی خۆیان بدەن، (یعوض اصحاب) بیكە بە مفرد بە (صاحب) بیكە بەمفرد هەمووی غەڵەتە بەجەمع نایەت، هەمووی عەفووم دەكەیت بەكۆمەڵ تەعویز نایەت، (یعوض اصحاب) كە ئەنەهوو بە كۆمەڵ دەكرێتن، بەقانونیش هەر دەبێ بەمفرد بێتن، لە ئەسڵی مەشروعەكە بەغەڵەت هاتییە، دەبێ یعوض صاحب حق التصرف.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاى لیژنەى یاسایی سەبارەت بەماددەى یەكەم بەم شێوەى خوارەوەیە:

ماددەى یەكەم:-

بڕگەى (2)ى ماددەى دووەم لە یاساى كوژاندنەوە و جیاكردنەوەى زەویەكانی ناوەوەى سنووری شارەوانیەكانی ژمارە (3)ى ساڵی 1998 هەمواردەكرێ وبەم شێوەى خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

2-خاوەنەكانی مافی بەسەر ڕاگەیشتنی (حق التصروفية) ئەو زەویانە بە ڕێژەى 20٪ لە كۆى ڕووبەری زەویەكانی مافی بەسەر ڕاگەیشتنی قەرەبوودەكرێنەوە وبەمولكی خۆسەر بەناویان تۆمار دەكرێت.

**بەڕێز قادرسعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الأولى: تعدل الفقرة (2) من المادة الثانية من قانون اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 و تقرأ كالآتي:

2-يعوض أصحاب الحقوق التصرفية في تلك الأراضي بنسبة قدرها 20٪ من مجموع مساحات الأراضي المطفأ حق التصرف فيها و تسجل باسمائهم ملكاً صرفاً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمن لیژنەى كشتوكاڵ.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەى بڕگەى دوو ماددەى یەكەم:

أ-خاوەن مافەكان لەبەكارهێنانی زەوییەكانیان( أصحاب الحقوق التصرفية) قەرەبوو دەكرێنەوە بە ڕێژەى لە(10٪) لەكۆى ڕووبەری ئەو زەوییانەى كەمافی بەكارهێنانیان تێدا كوژاوەتەوەو ئەو ڕێژەیەش وەكو موڵكی سەرف بەناویان دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەمان ماددە پشتگیری لە ڕاى لیژنەى یاسایی دەكەین، كە بە(20٪) هاتیە نیسبەكەى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا من دەرگای موناقەشە دەکەمەوە، رای پرۆژەی حکومەت کە تەوحیدی ئەو دوو بریارە بکرێتن دەبیتە لە (12٪) لیژنەی یاساییش دەڵێت ببێتە لە(20٪) لیژنەی کشتوکاڵ دەڵێن ببێتە لە (15٪) شارەوانیەکان لە (20٪) ناو دەنووسم، فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێشنیار دەکەم هەردوو ماددەکە، هەردوو کێشە لەسەر نیسبەکانە، ئەوانەی دەستیان هەڵبڕیوە لەسەر هەردووکیان قسە ئەکەن، بۆیە قسەکان هەردووکی پێکەوە بکرێن، ئەگەر لیژنەی یاسایی هەردوو بابەتەکە، هەردوو رێژەکە ئێستاکە بخەرە دەنگەوە، ئەوە ئاسانتر ئەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیەو ئیحتیفاز ئەکەم بەحەقی قسە کردنیشم لەویٚ، ئەو ڕاپۆرتانەی لیژنەکان کە خوێندرانەوە، دوای ئەوەی ئەسبابی موجیبەی ئەو یاسایە دیار بوو بڕیار درا کەکۆبوونەوەیەکی جەماعی بکرێت لە بەینی هەر سێ لیژنە، ئەو ڕەئیانە هەمووی گۆڕا، جگە لەوەش دوێنێ کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا، دیسان لەگەڵ لیجان نەگەیشتینە هەیچ بڕیارێك، بۆیە بەقەناعەتی من ئەو راپۆرتانەی کە خوێندرانەوە، پێش ئەوەی ئەسباب موجیبە بۆ ئێمە روون بکرێتەوە، ئەوە بەشکلێکی تەوافوقی بووە بەڕاستی، بەڵام دوای ئەوەی ئەسبابەکە گۆڕا، ئێستا لەناو لیجانەکانیش هەمووی ڕەئی جیاجیا هەیە، بۆیە من حەزەکەم تەوجیهی موناقەشەکە بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم ئەگەر نوقتەی نیزامیت نیە، من جاریٚ مەجالی قسەت نادەمیٚ، زۆر کەس داوای قسەی کردووە، هەمووشی لەسەر نیسبەیە، لەبەر ئەوە ئەو قسەی کاک شێروان وکاک محمد حکیمیش جێی خۆیەتی، ئیختیاری چەند کەسێك دەکەم قسەبکەن ئەگەر ئیجازە بدەن. کاک جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر نیسبەتەکە قسە دەکەم، خۆی پرۆژەکە چاك هاتووەو نیسبەتەکانیش زۆر چاك دیاری کراوە، یەعنی ئەسڵی مەشروعەکە چاکە، بەس یەك شت هەیە لێرەدا، بۆ تەحدید کردنی ئەو کێشانە کە ئێستاش لەکوردستان بەردەوام ئەو کێشانە هەیە، تەحدید کردنی خاوەنی حەقەکە، ڕەئیەکم هەیە، لەوانەیە ئەو مەوقیعە کە إطفاء ئەکرێت نەتوانرێت حەقی خاوەن حەقەکەی لێبدرێت، لەشوێنێکی دی بیدرێتیٚ، ئەگەر

خاوەنی حەقەکە لەناو سنووری بەلەدیە شوێنی درایە، جگە لەو موقاتعانەی کە تجارین لە قەتعەی سەکەنی بۆی دیاری بکرێت،بەس حەقی ئیختیاری هەبێت، ئەگەر حەقی ئیختیاری نەبێت لەوانەیە تۆزێك زەرەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر لە نەسی قانونەکە تەفسیلات هەیە، تۆ پشتگیریت لێکرد لەوێش بە تەفسیلات هەیە، دکتۆر رەمەزان.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رایەکەی لیژنەی کشتوکاڵی دەکەم چونکە بەڕاستی لە قەرەبووکردنەکەدا بەتەفسیلی بەدائیلی قەرەبووی داناوە، بەتایبەتی ئێمە کە ئەمانەوێت قەرەبووی جوتیارێك بکەین، ئەوەیە ئەگەر بکرێت وەکو جوتیار بیهێڵینەوە، بەڵام کە ئێمە زەویمان دایە لە ناو شار، کەواتە ئێمە ئەو جوتیارەشمان لەباتی بەرهەمهێن کردە بەکاربەرێك وبەپێی تایبەتمەندێتی خۆی قەرەبوومان نەداوەو نیسبەتەکانیش شتێکی تەوفیقیە لەبەینی راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی و پرۆژەکەی حکومەتدا، بەڕەئی من زۆر گونجاوەو پشتگیری لێدەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز دەکەم جەنابی وەزیری کشتوکاڵ تەوزیحێك بدات بەینی (الاراضي مملوكة للدولة والاراضي ملك صرف)ئەوەی بەعەقد ئەوە هەندێك برای فەلاح بەعەقد کردوویانە، ئەوەی کاك رەمەزان ئاماژەی پێکرد، ئەوانەی عەقدیان هەیە کە دەڵێ پارچە زەویان بداتێ، ئەوە دوو شتی زۆر جیاوازە، ئەوانەی بەعەقد حکومەت زەوی داونەتێ بەعەقد، دەڵێ برۆ بیچێنە و دوای دەساڵ یان دوازدە ساڵ، یەعنی مولك نیە، پارەی نەداوە تابیکرێ، فەرقی لەگەڵ ئەوی تر هەیە، فەرموو جەنابت شەرحی بکەیت پێم باشترە.

**بەڕێز عبدالعزيز طيب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، سوپاس. بۆ ئەڤێ دەرفەتێ، سوپاسی تایبەتی بۆ سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەو شەرحەی کەکردی لەسەر ئەم پرۆژەیە لەدەستپێکی دانیشتنەکە، ئەگەر جەنابت مەجال بەمن بدەی، من حەز دەکەم تەوزیحێك بدەم لەسەر عامی پرۆژەکە، پاشی هەندە دێمە سەر خاڵەکان یەك بەیەك، تەبعەن ئەسڵی پرۆژەکە، ئەو پرۆژەیەی کەئێستا لەبەردەستی بەڕێزتانە، سەربوری دوو ئیدارەیە، ئیدارەیەك لەهەولێر، ئیدارەیەك لەسلێمانی، بڕیارێکمان هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کو تەوحیدی قەرارات بکەین و تەوحیدی ئەو تەشریعاتانە بکەین ئەوی کە هەیە، بەس تەوحیدی بکەین لە ساڵحی هاووڵاتی، لە ساڵحی عام، گشتی، یەعنی ئەو موازەنە بکەین چی پتر لە ساڵحی هاووڵاتیە ئەوە ئیختیار بکەین، ئەو قەرارە ئیختیار بکەین، فە لەبەر ئەوە ئێمە کەهاتینە سەر مەسەلەی

ئەوەی إطفاو کوژاندنەوە ئەوەمان بیرکردەوە، دیراسەیەکی تێرو تەسەل هاتیە کرن، لیژانی پسپۆڕی وەلە ئەنجومەنی وەزیرانیش دیراسەیەکی موتەکامل هەبوو، تەبعەن ئەگەر ئێمە بچینە خەلفییەی قەرارەکە، خەلفیەك هەیە ئەگەر بچینە ساڵی 1991 ئینتیفازە شتێکی رەمزی هەیە، جەنابیشتان دەزانن ئەوە رەمزیە، لە حکومەتی عێراقی، وەختی خۆی وەمن تەسەور ئەکەم ئەو قانونەش کە هەیە لە عێراق، لەوەختی خۆی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیش نەفسی قانون هەبووە، کە مەنبەعی وی موحتەمەلە، نازانم فەرەنسیە کوێییە، نەفسی نیسەب هەبوونە، نیسەبی رەمزی بوون وای لێکردیە، کە ساحێبی ئەرازییەکەی گەلێ جارا پارا بۆ تەخصیص دەکرد و پارەی خۆشی وەرنەدەگرت تا دەگەڕایەوە بۆ میزانییەی دەوڵەت، دەبووە ئیرادێکی نیهائی لەساڵحی وەزارەتی دارایی، ئێمە هەستمان کرد لەدوای ڕاپەڕینەوە، کە ئەمە زوڵمێکە، لە هاوڵاتی دەکرێت، زوڵمێکە لەخاوەن موڵك دەکرێت، زوڵمێکە لە حەقی تەصەروف دەکرێت، لەبەر ئەوە بیر هاتە کردن شتەکی بکەین، فیعلەن ئەو پرۆژە بوو، ئەو پرۆژە لە دوو ئیدارە بەکار دەهێنران، لە ئیدارەی هەولێر (8 بە 12)بوو لە ئیدارەی سلێمانی( 12 بە 20) بوو، (8 بە 12)ی ئیدارەی هەولێر ساڤ عەرز بوو، ( 12 بە 20) لەسلێمانی لە زمنی وی خەدەمات بوو، یەعنی ئەوی کە موسەبەتە لەلای ئیمە، ئێمە دیراسە کرد، کامی ئیعتیماد بکەین، کامی پتر لە ساڵحی خاوەنی موڵکەکەیە، فعلەن ( 12 بە 20)پتر لەساڵحی هاووڵاتیە، ئێمە ئەوە ئیعتیماد بکەین، و ختوەیەك بەرەوپێش بچین، ئەو ختوەیە ئەوەیە ئێمە کو بکەینە (12 بە 20) وە قتاعی کامل، یەعنی (الاراضي مفرغة) بێ خەدەمات، ئێمە وەکی عەمەلییەی إطفاء ئەو عەمەلییەی کە دەکرێت، تەعویزێکە بۆ متەزەرر، ئان کڕینی زەوییەکە بۆ خزمەتی عام کە موحتاجی زەوییەکەیە، تۆ دەچیت تەقدیری زەوییەکە دەکەی، ئیمە حەتا وەکی پرۆژەیەکی ژمێریاریش، بۆی چووینە بۆ عەمەلییەکەی، لیژانمان دروستکردیە کەوا ئەمە تەقدیر بکەن، کە دۆنمی زەوی بەچەندییە، چ ملك صرف چ ملك کامل، کە بەچەندیە دۆنمی ئەگەر بفرۆشرێت، بەزەوی زراعی بفرۆشرێت، فیعلەن تەقیمەکەمان کرد، ئێستا دۆنم چ موڵکی کامل بێت لەهەندێ شوێن تەقریبەن بەدەفتەرێك دەکڕێت، لە هەندێك شوێن بە دوو دەفتەر دەکڕێت بەس تەقریبەن زیاتر نیە، ئێمە وەکی ئەوەی عەمەلییەی ئیتفای لەسەر دەکەین، ئێمە حقوق تصرفیە چەندی دەدەینێ، 300 مەتری دەدەینێ هەر دۆنمێك، وەمولکی صرف 500مەتری دەدەینێ هی مورەبەع، یەعنی 300 مەتری مورەبەع بە 500 مەتری مورەبەع، ئێستا حیسابی بکە 500مەتری مورەبەع بەچەندی دەچێت، ئەگەر تۆ عەمەلییەی ئیتیفای بۆ بکەی یەعنی صرفەکە تۆ بگۆڕیت، لە زراعی بکەیتە سەکەنی، ئێمە وای بۆ دەچین، بەتەقدیر ئێمە لەهەندێك شوێن، کەلەناو هەولێر 500مەتر بە 7دەفتەریش نادات، یەعنی ئەگەر تۆ تەعویزەکە لەیەك بدەیەوە، ساحێبی موڵك و حقوق تەسەروفیە، ئەگەرتۆ زەوی زراعی بکڕی و هەرزەوی زراعی بهێڵی وتو لێی بکڕی، ئەوی تر تۆ دەکەیتە سەکەنی زۆر زۆر بەرز دەبیت، زۆر زۆر لە قازانجێتیان،جانبی دی تریش ئەوەمان بەنەزەری ئیعتیبار وەرگرت، مەسڵەحەتی عامیش، ئێمە ئێستا وەکو حکومەت موحتاجین وەکو جەنابیشت لەبیدایەت ئیشارەتت پێدا، ئەوان موەزەفن، شەهیدن ئەوانە هەمووی موحتاجی قتعەی

ئەرازین، جانبی دیتر، بۆ خەدەمات بۆ مەدارس بۆحەدایق جانبی سێیەم، بۆ ئەو قانونەی وەبەرهێنان، کەلێرە موسادەقەی لەسەر کراوە، ئەوەش ئێستا تەقریبەن دەستمانی بەستووە، ئێمە ناتوانین حەرەکە لەسەر ئەوە بکەین، ئەو قانونەش قانونی وەبەرهێنانیش بەدوولایەنەو ئێمەش دەیکەین، لایەنێك ئەوانەیە کەبەڕێگەی موساتەحەو ئەگەر پرۆژەی ئیستراتیژی بێت، کەلەمەسڵەحەی عام بێت، لە مەسڵەحەی ئابووری کوردستان بت، ئەوە وەکومەسەلەی تەملیکە، تەملیکیش وەکو دەگوترێت، وانیە کو کراوە بت، هەموو کەسێکی بت داخوازی بکات بۆ تەملیکەکە، نالەسەر چەند فیلتەرێك تێپەردەبت، وە جانبی دی تریش جانبی پرۆژەی ستراتیژییە، لە قانونی وەبەرهێنانیش ئێمە ساحێبی موڵك، یەعنی ئێستا یەکێك ساحێب موڵك بێت، عەمەلییەی ئیتفا لێبێتە کرن، ئان یەك حقوق تەسەروف هەبت لەسەر عەردەك ئێمە ئەوە تەفزیل دەکەین، ئەگەر بێت ئەرزی خۆی وەبەربهێنێت، ئێمە ئەفزەڵیەت دەدەینە ئەو لە خەڵکی دی تر باشتر، جانبی دی ترمن تەسەور دەکەم باسی ئەوەش دەکرێت، کو هەندەك عقودی زراعی هەیە، عقود زراعیە ئەمە مەسەلەیەکی مەحسومە عەقدێکی زراعیە لەبەینی وەزارەتی زراعەو لەبەینی هاووڵاتی ئەم عەقدە زراعیە عەمەلییەی ئیتفای لێ وەردەگیرێت، ئێمە قەرارێکمان هەیە لەئەنجومەنی وەزیران ئێمە هەندی مەزروعات لەسەر بت، هەندی مونشەئات لەسەر بت، ئەگەر بە موافەقەتی زراعە کردبت هەموو تەعویز دەکرێت، ئیزافەتەن لەسەر قتعەیەکی سەکەنی لەناو عەردەکە دەدرێت، جانبی دیکەی کە زۆر زۆر من تەسەور دەکەم کە باسی دەکرێت دەڵێن ئەم عەردە لەکوێ دەدرێت، ئێمە دەڵێین لەناو ئەو عەردە، عەردەکەی چیە قتعەی سەکەنی لەو عەردە دەدەینێ، یەعنی بزەبت لەو عەردە، بەس بەشەرتەك ئەوی دەکاتە ساحبی مولك یان حەقی تەسەروف بۆی نیە پرۆژە لەسەر دروست بکات، خارجی تەسمیم، تەسمیمی بەلەدیات چیە بەموجبی ئەو تەسمیمە دروست دەکات، ئەگەر ئەو مەنتقە مەنتقەیەکی سناعی بت، ئو مەنتقە مەنتقەیەکی خەدەماتی بت، دەکرێت ئەوە بۆ تەعویز بکرێت بۆ خاوەنی موڵکەکە، تەعویز بکرێت لەمەنتەقەیەکی تر عەرد بداتن بۆ وی کو زەرەرو زیانی پێنەکەوت، من هەر پێم خۆش بوو، ئەو تەوزیحە بدەمە جەنابی ئێوەو من رجاتان لێ دەکەم، برادەران ئەندامانی پەرلەمان رجاتان لێ دەکەم ئەو پرۆژەی کە ئێستا لەبەر دەستانە ئێمە بلانسەکە ڕاگیراوە لەبەینی مەسڵەحەتی عام و حقوقی تصرفیە ولەبەینی مەسڵەحەتی خاوەنی موڵکەکەو هەمووی بەنەزەری ئیعتیبار وەرگرتیە، من تەسەورەکەم ئێمە ختوەیەك بەرەوپێش چووینەو چونکو ئەوەش لەبیرتان نەچێت، ئەمە تەوحیدی قەراراتە، ئێمە موجەرەد تەعدیلێکمان کردووە، نیسبەی (8) کەمان کردیە (12) و(12)کەمان کردیتە (20) ئێمە تەغیری قانونەکەمان نەکردیە، ئەو قانونە هەر هەبوویە، جانبی دی تر ئەگەر رایەك هەبت بۆ تەفاسیل لەموستەقبەل دەتوانن جەنابتان وەکو پەرلەمان پرۆژەیەکی دی لە موستەقبەل تەقدیم بکەن بۆ ئەوەیە لە موستەقبەل عیلاجێکی دی بکەن، جانبی دی تریش وەکو مە بەنەزەری ئیعتیبار وەرمان گرتیە، بە حەقیقەت ئێستا تۆ نیسبەکەت زۆر بەرزتر لێبکەیت وەکی لیژنەی قانونی باسی کردو لیژنەی شارەوانی باسی کردو لیژنەی کشتوکاڵ باسی کرد، پاشینێ ئەو وەختە دەبتە تەفرایەکی زۆر لە بەینی

ئەوەی پێشی مانگێکە ئیتفا بوویەو ئەوی ئێستا ئیتفا دەبت، داخواز دەکەن ئەسەری رەجعی هەبت، ئەسەری رەجعیش تۆ بۆ کوێ دەچیت، ئەسەری رەجعی تۆ بۆ پێشی دوو ساڵا بچیت، سێ ساڵیش داوا دەکات، تۆ بۆ سێ ساڵیش بچیت چوار ساڵیش داوا دەکات، بۆیە من وا تەسەور ئەکەم ئەو وەختە باری حکومەت زۆر زۆر گران ئەبت، گرفتەکان زۆر زۆری لێدێت من وا تەسەور ئەکەم ئێمە هەمووومان زەرەر دەکەین، لەبەر ئەو رجاتان لێ دەکەم، مەشروعی ئێمە چۆن هاتووە هی حکومەت ئێوە موسادەقەی لەسەربکەن و بیڕوێنن و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەو یاسایەدا یەك پێشنیارم هەیە، هیوادارم بەدڵ گوێم لێ ڕابگرن، لەبەر ئەوەی من لەناو ئەرزی واقیعدا دەژیم، ئەو زەوییانەی کە عەقدی زراعین تەقریبەن لەویاسایەدا باسی نەکراوە، کەسێك دە دۆنمی هەیە، لە دەرەوەی شارەوانییەکان عەقدی زراعیە، کەسێك دە دۆنمی هەیە موڵکی صرفە، کەسێکیش دە دۆنمی هەیە مەملوکە للدولەیە، ئایا خەڵك داوا دەکات ئەو زەویانە بکەونە ناو سنووری شارەوانیەکان یان شارەکان گەورە دەبن و زەویەکان فوت دەدەن، شارەکان گەورە دەبن، کە شارەکان گەورە بوون، سنوورەکە زیاد دەکات، کابرا عەقدی زراعی هەیە دە دۆنم بەپێی قانون ویاسا موڵکی دەوڵەتە، ساڵانە دەبێ کابرای جوتیار پارەی ئەو ساڵانە بدات، بەڵام بەڕاستی لەکوردستان وانییە، ئەوەی دە دۆنم عەقدی هەیە یان بیست دۆنم عەقدی بەناوە، بەقانون زەوی حکومەتە دەبێت، ئەو ساڵانە ئیجار بدات، بەس ئەو بەموڵکی خۆی دەزانێت، لەوانەیە خۆی بکوژێت ئەگەر لێی بسەنیتەوە واقیعەکە ئەوەیە، لەبەر ئەوە من پێم باشەو پێشنیار دەکەم، چۆن نیسبەتان داناوە بۆ موڵکی صرف و مەملوکە للدولە، ئاواش بۆ زەوی زراعیش نیسبەتێك دابنێن، چونکە بەڕاستی ئەوانەی عەقدی زراعیان هەیە، کە زەوییەکەیان لێ سەندرایەوە، یەعنی هیچیان لەبەردەستدا نامێنێت، ئینجا ئەوانەی عەقدی زراعیشیان هەیە، لە (80٪)ی زەوییەکان، لە سلێمانی و هەولێرو دهۆك نین، لە چوارقوڕنەن، لە کفرین، لە کەلارن، لە دیانەن بەڕاستی پارە ناکات، کابرا 20 دۆنمی بەدەستەوەیە، لێی دەستێنیتەوە، بەڕاستی حکومەت ئێستا خێری پێ دەکات، دوو سەد مەتری دەداتێ، وەرە لە چوارقوڕنەی 200 مەتر 35 گەڵای دەکات، پشتیوانیش لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییش دەکەم پێشنیارەکەیان تەواوە، چونکی ئەو زەوییانەی کە زۆر پارە دەکاتن، نەماون، لەدەوربەری ناحیەو قەزاو شوێنەکان پارە هەر ناکات، ئەگەر لە (20٪) یشیان بداتێ زۆر نیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من تەوزیحێکم هەیە لەسەر ئەو قسەی جەنابت یەکەم/ ئەوە بەپێی تەختیتی شار دەبێتن، ئەو ناوچانەش کە جەنابت ئاماژەت پێکرد، زۆر ئیحتیمال کەمە ئەوانە بگرێتەوە، کە بەعەقدن چوارقوڕنەو ئەوانە ئەوەی دەیگرێتەوە، زیاتر سلێمانی و دهۆك و هەولێرە، شارە گەورەکانن کە زیاتر موعەرەزن بۆ فراوان بوون، نیسبەی ئەوانەی کە بەعەقدن، کەمن ئەوانەی بیانگرێتەوە، ئەوانەی کە بەعەقدن کرێچین، ئێمە تەوسییەمان بۆ حکومەت ئەوەیە،عادیلانە تەماشایان بکاتن، بتوانێتن بیر لەوە بکاتەوە کرێچی خۆیەتی، لە قانونەکە پێویست ناکات ناوی تێدا بێتن، خۆی عیلاجی کە دەکاتن بەچاوێکی عەتفەوە تەماشای بکاتن، ئەو قتعە ئەرزەی کە دەیداتێ، پارەکەی نیسبەتێك بێتن کەبتوانێت ئیستیفادەی لێبکات، ژیانێکی باشتری پێ بکاتن، هەر ئەوە نەبێت پارچەیەك بێتن، پێنج هەزار دۆلار بکاتن و بەس، یەعنی شتێك بێت خۆیان دەبێ بەنەزەری ئیعتیبار وەریبگرن، عەدالەتی تێدا بێتن، ئەوەی تر بەخوتەی شارەوانی دەبێتن، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من تەئیدی رەئیەکەی جەنابت و رەئی لیژنەی قانونیش دەکەم، ئەو مەشروعە شتێکی باشەو ختوەیەکی باشە، ئێمە موناقەشەی شتێك دەکەین کە مەوزوعی رۆژ نیە و مەوزوعی قانونەکەش نیە، وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی و جەنابیشت فەرمووت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەت دەبڕم ئەگەر تۆ پشتگیری من و لیژنەی قانونی بکەیت، ئێمە دوو رای جیاواز بووین.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پشتگیری جەنابت و جەنابی وەزیر دەکەم، بەڵام ئێمە موناقەشەی شتێك دەکەین، لە گۆڕێ نیە، من رەئیم وایە، ئێمە وەکو خۆتان فەرمووتان تەوحیدی دوو بڕیار دەکەین کە لە دوو ئیدارە دەرچووە، بەڵێ ئەمنیش کۆمەڵێ مولاحەزاتم لەسەر ئەو مولاحەزاتانە هەیە، بەڵام پێم وایە، ئەو قانونەی کەئێستا لە مجلسی وزەرا هاتیە، موافەقەی لەسەر بکەین، چونکە تەوحیدە، ئیقتراح دەکەم پاشی ئەوە لیژنەی کشتوکاڵ، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ، لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی مەشروعێك بکەن، دراسەتێك بکەن، موشکیلەی ئەرازی زراعی و ملکی صرف زیاتر بچنە ناو مەوزوعەکەوە، چونکە زیاتر لە سەد ساڵە ئەو کێشەیە هەیە، کۆمەڵێك مەشاکیلی تێدایە، لەبەر ئەوە ئێستا بەرەئی من ئیشمان ئەوە نیە موناقەشەی ئەو

کێشانە بکەین، ئیشمان ئەوەیە ئایا تەوحیدی ئەو دوو بڕیارە بکرێت یان نەکرێت؟ وە ئەوەی لە هەولێر (8بە 12) بووە دەبێتە(20) ئەوە هەنگاوێکی زۆر باشە، موناقەشەکانی ترمان هەمووی زیادە، باسی ناوەرۆکی مەوزوعێك دەکەین کەلە مەشروعەکە نەهاتووە، وەختی نیە، بۆیە من پێشنیاردەکەم ئەوە تەئجیل بکرێت لەسەر ئەو دوو خاڵە موناقەشەی کەم بکرێت، تەسدیق بکرێت، ئەوە پاشان بەدیراسەتێك تەقدیم بکرێت، موناقەشە بکرێت و بەمەشروعێکی قانونی تەقدیم بکرێت، حەز دەکەیت با سەد ماددەی تێدا بێت، من خۆم کۆمەڵێك مولاحەزاتم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە باسی عقودی زراعی نەکرایە، باسی موتەفەرغینی زراعی لە نەصی قانونەکە نەهاتیە، بەڵام وەکو ئەرز ئیفراز دەکرێت و دەخرێتە سەر سنووری شارەوانیەکان، کۆمەڵە عامیلێك وکۆمەڵێ خەڵکی پێوە خەریکن، ئیش لەسەر مەشروعەکانی خۆیان دەکەن لەوێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت نیزامی نیە. نوقتەی نیزامی نیە شەرحە، کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من نابینم زۆر جیاوازی هەبێ لە نێوان رەئیەکانی لیژنەکان، لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی رەئیان یەکە، تەنها لیژنەی کشتوکاڵ نەبێ، کە لیژنەکان جیاوازی لەرەئیان هەبوو، کە داوایان لێکرا کۆبوونەوە بکەن تاکو سیغەیەکی موشتەرەك ببیننەوە، ئەگەر نەگەشتنە سیغەی موشتەرەك، مانای ئەوە نیە رەئیان ئیلغا دەبێ، هەرلیژنەیەك ئیحتیفاز بەرەئی خۆی دەکات، ئەوە یەك، دوو، من موتەفەقم لەگەڵ جەنابی وەزیر لەسەر ئەو مەبدەئەی کە ئێمە دەبی وەکو ئەندامی پەرلەمان تەوازونمان هەبێت، لە نێوان بەرژەوەندی خەڵك، هەروەها بەرژەوەندی گشتی، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەو نیسبەیەی لیژنەی قانونی و لیژنەی شارەوانیەکان دایان نایە نیسبەیەکە زۆر تەوازنی تێدایە، هەم لە نێوان حقوقی هاووڵاتیان، هەم لە نێوان بەرژەوەندی گشتی، جەنابی سەرۆك باسی ئەوەی کرد کە زەوی نەماوە ئێستا بۆ تەوزیع کردن، راستە زەوی نەمایە، ئێستا بۆ قوتابخانەش نەمایە، بۆ نەخۆشخانەش نەمایە، بەڵام بۆ نەمایە؟ لەبەر ئەوە نیە کە تەوزیع کرایە بەشێوەیەکی عادیلانە، من خۆم دەنگ بۆ قانونێك نادەم کە بزانم بەو شێوەیە تەوزیع دەکرێت، جارێکی تریش دووپاتی دەکەمەوە کەلەگەڵ رای لیژنەی قانونیم و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر کەس ڕۆژانە سەر لە ئێمە دەدەن، ئاگادارن بە هەردوو نیسبە (12و لە 20٪) زۆر زۆر پێت خۆشن ئەڤ نیسبە زوو بێتە ئیقرارا کرن، ئەز بێژم نیسبەیەکا گەلەك باشە، ئەگەر ئەدنا زێدە بت، ئیحتمالا هەزاران کەس مەحروم بن، سبەی قتعەی سەکەنی بێتە دابەش کرن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سارا.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حاڵەتەی باسی دەکەم، تایبەتە، یەعنی هەست دەکەم لەو یاسایەشدا، نازانم چارەسەری دەبێ یان نا، ئەو حاڵەتەیە کە حکومەتی کۆنی عێراقی حەقێکی داوە بەهەندێك کەس، بەڵام ڕژێمی بەعس جارێکی تر ئەو حەقەی لێ وەرگرتووەتەوە، بۆ نموونە هەندێ زەوی هەیە، لە ساڵی 1960 بەر بەنداوی دوکان کەوتووە، بەسەنەد تەملیك، حکومەتی کۆنی عێراق تەعویزی کردوونەتەوە، بەڵام ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1982 جارێکی تر ئیتفای کردووە، بێ ئەوەی هیچ بەرامبەرێکیان بداتێ، ئێستا بەحیساب موڵکی شارەوانین، ئەی ئەو خاوەن زەویانە چی بکەن؟. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە مەوزوعێکی تر باسی دەکرێت، بەڵام ڕەبتی بەوە نیە، کاك مەلا ئەنوەر.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا قانونەکە خۆی تەعدیلە، یەعنی باس لەباسی تەعدیل دەکات، بەڵام کەدێیە سەر وی من پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەم ئەوەیە ئەو ئەرزانەی کە دەکەونە سنووری شارەوانیەکان لەبۆ ئیسکان، پرسیار لە لیژنەی یاسایی دەکەم، ئایا تەنها لەبۆ ئیسکانە یان سناعەشە یان بۆکاری تریشە؟ جا ئەگەر لەبۆ سناعە بێت یان بۆ عام بێت لەبۆ هەموو کوردستان، چونکە بەڕاستی بەرچاو ڕۆشن نەبوو، جەنابت باست کرد لەسەر سێ پارێزگاکەیە، ئەدی ئەو شوێنانەی وەکو چوارقوڕنەو شوێنەکانی تری کوردستان، ئایا ئەو تەعدیلە ئەوێش دەگرێتەوە، یان ناگرێتەوە، ئەگەر دەگرێتەوە، شوێن هەیە، لەوانەیە بەیانی نەوتی لێ دەربێت، شتی تری لێ دەربێت، ئایا ئەو خاوەن موڵکەی ئاوا تەعویز دەکرێتەوە، لەگەڵ سەکەنی یان نا، ئەوە خاڵێکە، دوایی حەزەکەم ئەسبابی ئەو تەفاوتەی مابەینی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ وئەوانەی کە هەیە شەرحێك بدرێت، چونکە ئێمە باسمان لەباسی مەسڵەحەتی هاووڵاتیە، بەرژەوەندی هاووڵاتیش بەپێی ئەوەی لە(20٪)بێت بەبۆچونی ئێمە باشترە لەوەی کە (12٪) بێت، بزانین

ئەسبابەکەی چیە لەو تەفاوتەی کەلە قانونەکەو لە بەینی لیژنەی یاسایی و کشتوکاڵ هەیە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس هەر بۆ تەوزیحێکە ئەوانە، تەبعەن ئێمە وتمان ئەو سێ و چوارە زیاتر دەگرێتەوە، چونکە ئەوسێ و چوارە ئیلحاحە، دەبێ تەوسیعی سنووری شارەوانی بکرێتن، داواکاری هەیە، بۆ دروست کردنی مەعمەل بۆ تەوزیع کردنی زەوی بۆ دروستکردنی باخچە، بۆ دروستکردنی مەکتەب، بۆ تەرخانکردنی زەوی بۆ ئەو کەسانەی وەبەرهێنان لێرە دەکەن، خۆ ناکرێتن هەمووی لەناو شار بیاندرێتێ، ئەوە بۆ هەموو شتێکە، تەنها بۆ شتێك نیە، بۆ مەوزوعی ئەوەی ئەگەر بێت و، لە شوێنێکدا نەوت دەربچێتن، ئەوە لێرەدا موعالەجە ناکرێتن، قانونی نەوت ئەو شوێنانە تەحدید دەکاتن، بەتەئکید ئەو نیسبەیە نابێت، کەسێك دە دۆنمی هەبێت لەو جێگەیەدا بچێت، مەعنای ئەوەیە هەر ئەوەندەی بدرێتێ کەمەو بەتەئکید لەقانونی نەوت، ئەو کات دەبێ موعالەجە بکرێت، ئەوانە فەقەت بۆ ئەو شوێنانەن کەداخلی سنووری شارەوانیەکان دەبێتن، کاك باپیر کامەلا.

**بەڕێز باپیرکاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا کە باس لە کوژاندنەوەی زەوی دەکرێت، قۆناغ بە قۆناغ بەچەند مەرحەلەیەك، کوژێنراونەتەوە، بەلاّم وەکو جەنابت باستکرد، لەپێناو داد پەروەری کۆمەلاّیەتیدا بێت، بۆ زەوی دابەشکردن بێت، ئامانجەکانیشت ئێستا ئاماژە پێکرد کە زیاتر بە مەبەستی وەبەرهێنانەو بە مەبەستی بنیادنانی کارگەیەو بەمەبەستی خزمەتگوزارییە، بەمەبستی نیشتەجێکردنە، لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، نیسبەتێکی دیاری کردووە، بەلاّم بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە بەر سنووری شارەوانیەکان دەکەون، وەکو پێی ئاگادارن پێشتر زەوی کشتوکاڵی چ تەملیك چ عەقد چ تاپۆ هەیە لە نزیك سنوری شارەوانییەکان، بەپێی یاسای ژمارە(90) و یاسای ژمارە(117) ویاسای ئیجاریش کە ژمارە(30) بووە، لە ساڵی 1991 دوای ئابلۆقەی ئابوری کە ڕژێمی بەعس کردوویەتی، ئەوانەی کە باسکراون، هیچیان ئەو پێشنیارەی حکومەت کردوویەتی بۆ کوژاندنەوەی زەوی ئەو جوتیارانە، هیچیان سوودمەند نابن، بۆ؟ ئەو جوتیارانە بەشێکیان ئەوانەی کە دەوروبەری زەوییەکەیان لەدەست نەماووەو، کڕاون، زۆربەی زۆری دەوروبەری شارەکان کڕاون، ئێستا لەدەست جوتیارەکان نین تابەدەستیەوە بێت، لەلایەکی تر ئایا ئەو زەویانە عەقدەکانیان، بەلاّم لەحکومەت بەناوی جوتیارەکانەوەیە، ئەوە بۆکێ دەگەڕێتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە لێرە دەێتە پێشێ، ئەوە بۆکێ دەگەڕێتەوە، من جوتیارم زەوییەکەم فرۆشتووە، یان زەوییەکە تەملیکە لەسەرم

بەبێ ئەوەی عەقدەکە لە حکومەت کرابێ، واتە لەدەرەوەی قانون فرۆشراوە، ئەوە کێ دەگرێتەوە، ئەوەی تر کەباس لە قانونی وەبەرهێنان لەدەرەوەی شارەکان بێت، دەبێ بچێت لەسەر زەوی کشتوکاڵی بیکات، هەرکارگەیەك دەکرێتەوە خۆ لەناوەوەی شارەکان ناکرێتەوە، کە یاسای وەبەرهێنان بیگرێتەوە، ئایا ئەوە چۆن تەعویز دەکرێتەوە، ئەو زەوییە کشتوکاڵیە، لێرەدا جێگای نەکراوەتەوە، ئەویش لەچوارچێوەی زەوی کوژاندنەوە یان بەموساتەحە دەیدرێتێ، بەشێوەیەکی ئاوا، ئەوەی تر من پێشنیار دەکەم، بۆ زەوی کوژاندنەوە، بە سێ ئامانج دەیکەین، چ بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بێت، چ بۆ مەبەستی بنیاتنانی کارگە بێت، چ بۆمەبەستی خزمەتگوزارییەکانی وەکو قوتابخانەو نەخۆشخانەو ئەو خزمەتگوزارییەکانی تر کەباخچە یان شتێکی ترە، یان بۆ نیشتەجێکردن، من پێشنیار دەکەم، زەوی نیشتەجێکردن با ئاپارتمانی بەشێوەی ستوونی لەسەر دروستبکرێت، یەکێك لەمەرجەکانی ئەوە بێت، بەمەبەستی ئەوەی کە زۆر زەوی کشتوکاڵی لە داهاتوودا نەکوژێنرێتەوە، چونکە کۆڵەکەی ئابووری کوردستان کشتوکاڵە، دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەم بێت بەوەی کە فەرمانبەرەکانی، یان هاووڵاتیانی ئەوانەی کە نیشتەجێی شارەکانن، لەو شوقە سەکەنیانە جێگایان بکاتەوە، ئەوە ببێتە مەرجێك بەماددەیەك ئیزافەی بکەین، من لەگەڵ ئەو نیسبەتەش کەباس دەکات لیژنەی یاسایی، هیچ موبەڕیرێکی نەهێناوەتەوە، بۆ ئەوەی کە لە(20٪) ولە(30٪) ەکەی زیاد کردووە، بەمە کۆمەڵێ دەوڵەمەند دەوڵەمەند تر دەکەین، نەك ئەوە بێت تەحدید کراون، ئەوانەی دەوروبەری شارەکان، نەك مەبەستی تەعویز کردنەوەی جوتیارەکان بێت، من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەوەی حکومەتیش کەمتر بێت، لە (10٪) بە لە(15٪) بێت، نەوەك لەوە زیاتر بێت، چونکە ئەوە ناچێتە مەسەلەی عەدالەت لە یەك نزیك کردنەوەی چینەکانە، نەك مەسەلەی عەدالەت تەفاوت بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس، وەقتم زۆرتر دایە لەبەر ئەوەی بەناوی فەلاح قسە دەکەیت بۆیە مەجالم زیاتر دایتێ، چونکوم نوێنەری فەلاحانیشیت، حەرەکەکەت وایە، دەنا زیاد لەوەقتت وەرگرت، تەنها ئەگەر جەنابت تەوزیحێکت هەبێت بۆ ئەو چوارەی کە ئێستا قسەیانکرد.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ئیشارەت دەدەمە دوو شت، ئەوانەی کە عقودیان هەیە ئان موتەفەرغ زراعیە، ئەگەر عەردەکە بە بەر ئیتفا کەوت، شوێنێکی ترمان هەبت، مەغروسات و زەرەرەکەی بۆ ئەدەین، بە پارە ئان بەعەرد، ئەوی دی تەعویز دەکەین بە پارچەیەك دی عەرد، عەقدەکەی لەگەڵ دەکەین لەشوێنێکی دی کە، لەحاڵەتێك ئەگەر عەردمان هەبت، جانبی دیتر ئەم بەڕێزە ئیشارەتی پێدا، ئەو عقودانەی کەفرۆشراوە، لەلای ئێمە نەفرۆشراوە، لەلای ئێمە هەر عەقدەکە بەناوی کۆنە، واتە فەلاحە کۆنەکەیە، ئێمە وەختێ عەمەلییەی ئیتفا لێرە دەکەین، ئێمە لەسەر ئەساسی تەعمیمی جەنابی سەرۆکی کوردستان، جەنابی کاك مەسعود

بارزانی تەعمیمێکی وازحی هەیە، نەصی سەریح هەیە، ئەو تەعمیمەش هەموو کوردستان دەگرێتەوە، بۆ ئەوەیە کو ئەو عقودانەی ئەو عەقدانەی کە فرۆشراوە لە بەینی جوتیار بە بەڕانی و لەبەینی خەڵکی تر، ئەو عقودانە موعتەبەرە بە مەلغی و هەر مونشەئاتێکیش لەسەری دروستکرابت، بێ موافەقە دروستکراوە، یەعنی ئەمە مەشمول نین بە عەمەلییەی تەعویزەوە، بە موجبی تەعمیمی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەر بۆ مەعلومات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود( بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بەخۆم ئەندامم لە لیژنەی کشتوکاڵ تەنها یەك تەوزیحم هەیە لەسەر ئەو نیسبەتەی کە بە ڕەسمی خوێندرایەوە، ئێمە سەرەتا کە موناقەشەی ئەو پرۆژەیەمان کرد لە لیژنەی کشتوکاڵ، ئێمە وا حاڵی کراین کەوا حقوقی تەصەروفیە لە (25٪)ی هی حکومەتە، لە (75٪) بۆ خاوەنی زەوییەکە دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی دوێنی موناقەشەکرا لەگەڵ بەڕێزتان دەرکەوت وا نیە، ئەصڵی یاساکە لە (50٪)ی بۆ وەزارەتی مالییەیە، ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە ئەو لە (15٪)یەمان پێشنیار کردبوو کاتی خۆی، بۆیە دوێنی ئێمە کەهاتینە سەر ئەوە لەسەر نەتیجەی موناقەشە، من خۆم پێشنیاری ئەوەم کرد لە(12٪)زۆر باشە بۆ حقوقی تصروفیە بەو ئیعتیبارەی کە لە (50٪)ی ئەرزەکەی لە ئەصڵدا وایە، سەبارەت بەموڵکی صرف، بەڵێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی ئەنجومەن ئەگەر ماوەم بدەیتێ، من بڕکە تەفسلاتی دەدەمێ، لەبەر ئەوەی قانونی (53) بەراستی، جارێ ئەوەلەن قانونی (53) مومکینە هەروەکو پەخشان خان ئیشارەتی پێدا، زۆر وازح نەبی لەکن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو قانونە سێ، چوار مەبدەئی تێدایە ئەگەر مادده یەکەکەی بخوێنیتەوە، تەوحیدی ئەسنافی ئەرازی کردیە لە عێراق، وە ئێمەش لێرە پیادەی دەکەین بەڕاستی، ئەو ئەرازییەی کە أمیریة صرف بووە، کە مفوضة بتابو بووە، ممنوحة باللازمة بووە، یان وقف وقفاً غیر صحیحة بووە، یان متروکە بووە، ئەوانەی کردیە بەمولکی دەولە، واتە ئەو تەصنیفە نەمایە، دوو تەصنیف ماوە، الاراضي مملوكة للدولة والاراضي ملكاً صرفاً کە مفوضة بتابۆشی پێ دەوترێت، نوقتەی دوو، ئەگەر ماددەی سێ لەقانونەکە بخوێنینەوە، بە ڕوونی وبەئاشکرایی، عقودی زراعی ناوی نەهاتییە، بەڵام لەو مهیم تر ناوی هاتییە، کە دەڵێت (الاراضي موضعة تەبعەن الاراضي موضعة) فەرقی هەیە لەگەڵ عقود،

عیلاقەیەکی ئیجاری و ئیستئجاریە لەبەینی وەزارەتی زراعە کە زەوییەکە هی خۆیەتی و بەینی ئەو فەلاحە، رەنگە سبەی دوو سبەی، ئیخلال بە شروتەکە دەکات، عەردەکەی لێ دەسەنێتەوە، وەزەعە عەلەیهی سەنەداتی موەقەتی درایتێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ، رەنگە ئەگەر پێنج ساڵەکە تێپەڕی لۆیان تەملیك بکەن، دیسان حەقی فرۆشتنیان نابێتن واتە حەقی ئیتفاشی نییە، لۆیە ئەو دوو فەقەرەیە، خارجی قانونی رەقەم (53)ی ساڵی 1976شە، مادده بێنج ئەگەر بخوێنینەوە، دەڵێت ئەگەر هاتوو، ئەو ئەرزانە ئیتفا کرا، بەم شێوە تەعامولی لەگەڵ دەکرێت ئەگەر هاتوو مەمنوحە لللازمە بوو ساحێب حەق هەقی لە (4 لە 1) هەیە ئەگەر مفوضة بتابو بووە نیوە بەنیوەیان هەیە، ئەگەر مفوضة بتابو بووە لە پێنج دۆنم کەمتر بوو دوو لەسەر سێی هی هاوولاتییە، وە سوچی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت لێرەدا، بەنیسبەت ئەو قانونە چ عقود زراعی دەگرێتەوەو چ موەزەع علەیهی دەگرێتەوە، ئەوانە خارجی قانونی ئیتفانە، بێجگە لەوەش یەك لەبڕگە موهیمەکانی قانونی بەیع وتصنیفی ئەرازی هەمووی ئیلغا کردیە، بەڵام مەبدەئی تصنیفی لەناو مایە، ئێستاش ئەو مەبدەئە بەکاردێت، ئەگەر هاتوو یەکێك قتعەیەکی سەکەنی هەبوو، چوار یەکی حکومەتی لەناو بوو، ئێستاش لەبۆی تەسحیح صنف دەکرێت لەگەڵ وەزارەتی مالییە، بێجگە لەوەش ئێمە لە لیژنەی یاسایی سێ تەوصیەمان هەیە، کەمن ئەوە جەنابی وەزیر دانیشتیە هەر سێ تەوصیەکە بەگرنگ دەزانم، بۆیە ئاراستەی حکومەت دەکرێت و دەتوانرێت تەعویزی فەلاحین بکرێت، ئێستا ئەگەر جەنابی وەزیر مومکینە خۆشی مەعلوماتی هەیە، زۆر لە عقودی زراعی تەجاوزاتی لەسەر هەیە موخالەفاتی لەسەر هەیە، مەسەلەن عقودی زراعی هەیە، یان عەقدی زراعی هەیە سایەقە یان موەزەفە، موستەخدەمە، ئەوانە هەمووی ئیخلالە بەشروتی عەقدەکە، ئیمکان هەیە، فەسخی عقودی ئەوانە بکرێت، لۆ ئەوەی تەعویزی ئەو ساحێب عەقدانە بکرێت کە برادەران ئیشارەتیان پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان تەنها یەك شت ئەو تەوصیانە کە هاتوون، مەنتقی و مەعقولن، دەکرێ پاشی ئەوەی داوا بکەن وەکو نامەیەك ئاراستەی حکومەت دەکەین، کە ئەو تەوصیاتانەمان هەیەو بەنەزەری ئیعتیبار وەریبگرن، بەدەر لەقانونەکە، تەوصیاتەکان هەموویان لە جێگای خۆیەتی، کاك زرار دەی فەرموو بیڵێ.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر روونکردنەوەکەی کاك شێروان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نیزامی نیە کاکە، شەرحێکی داو پەیوەندی بەمەوزوعەکەی نەبوو، شێخ فتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی لەسەر ئەو تەوزیحەی جەنابت سوپاست دەکەم و تەئیدی ئەو پرۆژەیە دەکەم وەکو لەحکومەت هاتییە، پێشتر من هەرچەند رەئیم وانەبوو، بەڵام تەوزیحەکەی جەنابت هەموو لایەنەکانی ئیجابی وسلبی باسکرد، لەبەر ئەوە تەئیدی ئەو مەشروعە ئەکەم، تەوحیدی دوو مەشروعە، خۆ ناکرێت ئێمە لەلای سەرەوە بچینە خوارێ، ئەبێت بۆ هەوراز بچین، کەواتە لەسلێمانی لێرە هەوراز ترە، مەفروز وایە ئێمەش هەنگاوەکی بەرەو ئەوان بڕۆین، بۆیە پێم باشە ئەو تەوحیدی دوو مەشروعە، شتێکی زۆر پیرۆزە، هی دووەمین، وەکو جەنابت باستکرد، یەعنی هەندەك ئیجابیاتی باشی هەیە، یەك لەوانە ساڵانە بەدەیان هەزار کەس هاووڵاتی داوای زەوی دەکەن، لە حکومەت بۆ نموونە دوێنێ لێرە ئەنفال ئێمە باسمانکرد، کە هەموومان بەموستەحەقی دەزانین، پێویستەو بەواجبی ئەزانین خەڵکی ئەنفال تەعویز بکرێنەوە بە زەوی، ئەگەر زەوییەك لەحکومەتدا نەبێت، ئایا حکومەت ئەو زەوییە لەکوێ بێنێت، لە ئاسمانا بیهێنێت، لە گیرفانیدایە، چۆن بتوانێت خزمەتی مواتنەکەی بکاتن، کەواتە مەسڵەحەتیان تێدایە، ئەوەی کە ئەصڵی مەشروعەکەی هاتییە لەحکومەت من تەئیدی ئەکەم و لەسەر رۆشنایی ئەو قسانەی کە جەنابت تەوزیحەکی باش بوو، سوپاسی جەنابی وەزیریش ئەکەم، مومکینە لایەکی روونکردبێتەوە، کە مەسڵەحەتی مەلاکیشی تێدابێت، بەنەوعێك تەعویز لە شوێنێکی تر، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من دیارە لە پێشدا سەیرم لێ دێت وەزیری زراعە داوا بکات زەوی زراعی نەمێنێت و ئیتفا بکرێت، لەبەر هەرچی مەسڵەحەتێك بێت، بەڕاستی سەیرم لێ دێت، ئەبوایە ئەو زیاتر داکۆکی لەسەرئەوە بکردایە کە ئەرازی زراعی و زراعە لە وڵاتی ئێمەدا بەرەو پێش بڕوات، ئەوە یەکەم خاڵمە،دووەم ئەو خەڵکانەی کە ساحێب موڵکن، دوو جار غەدریان لێ کراوە، لەم وڵاتەدا، یەکەم بەقانونی (90) کە قانونێکی شۆڤینی بووە هاتووە، ئەوانەی کە زەوییان هەبووە، تەبعەن ئەوە ئەنواع مەقاسدی لەدوواوە بووە، وەکو لە ئەسباب موجبەکەدا هاتووە، ئێستا کە بۆتان دەخوێنمەوە، هاتووە ئەم زەوییەی لەو کەسە وەرگرتووە، لە چەند هەزار دۆنم 300 مەتری داوەتێ، حکومەت یەت جارێکی ترلێی ئەسەنێتەوە، تەعویزەکەشی بەموقابیلی ئەوە نیە، من تەئیدی لیژنەی یاسایی ئەکەم، بۆ نیسبەتەکە ئەمە یەك، دووش هیوادارم لەجیاتی ئەوەی تەوحیدی قەراراتی تەوزیعی ئەرازی و ئیتفای ئەرازی بێت، هیوادارم ئێمە قسەکانمان لەسەرتەوحید کردنی وەزارەتی مالییە بێت لەپێش هەموو شتێك، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دیارە ئێمە ئەمانەوێت چاكسازی بكەین لەو یاسایەدا، وەك جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێكرد، یاسای ئیتفا كێشەی هەبووە، گرفتی بۆ دروست بووە لەو دوو ئیدارەیەدا، لەگەڵ ئەوەش ئەوە لەبەرچاو دەگرین كە پێشتر حكومەت لایەنی ئابووری لاواز بووە، تەنها پشت بەگومرگ و باجەكان بەستراوە، ئێستا وەزعی دارایی حكومەت باشە، هەمووشمان یەك دەنگین كە تەشجیعی كەرتی كشتوكاڵ و فەلاح و ئەوانە بكەین، كە بووژاندنەوەی وڵات و ژێرخانی ئابووین، بۆ فەقەرەی ساحیب حقوق تصرفیە، تەوزیحات بۆ بەڕێزتان، ئەم زەوییە حەقی زەوی وا هاتووە كە موڵكی حكومەتە، بەس حەقی تەصەروف بەهەموو شێوەیەك حەقی فەلاحە، خاوەن زەوییە، ئەمە خاوەن زەوی یان خاوەن موڵك، فەلاحە، هەركەسێكە هاتووە بەدەلی داوە، لە موڵكیەتیش بۆ بەشەری، كە دەڵێن لە (50٪)ی هی حكومەتە، فەلاحیش شەراكەتی تێدا هەیە، بەشێكیش هی خەدەماتە، ئێمە وەزارەتی كشتوكاڵ كە ئێستا بەتەمای یاسایەكە، بۆ تسوییەو تصنیفی ئەرازی ئەو زەوییانە تەملیكیش بكەن، بۆ تەشجیعی فەلاح, بۆ هاوكاری فەلاح، كەواتە ئەمە حەقی تەملیكیشی هەیە، حقوقی تصرفی و حەقی خدماتیشی تێدایە، ئەم زەوییانە بۆ تەشجیعی فەلاح، بۆ هێشتنەوەی ئەو خەڵكانە، ئەو ڕێژەیە ئێمە وەكو (خیر الامور أوسطها) لەبەینی حكومەت و لیژنەی یاسایی ئێمە ئەو وەسەتەمان هەڵبژاردووە، موناقەشەشی تیا كراوە دوێنێ، گەیشتۆتە (14)دەش لەبەینی لیژنەكاندا نزیك بووینەتەوە، جا مەبەستم ئەوەیە صاحب حقوق تصرفیە، بەشی تەملیكیشی تێدایە، چونكە چەند ساڵە تصرف لەو زەوییە دەكات، شەریكە لەگەڵ حكومەتدا، بۆ ئەوەی عەقدی زراعی و موتەفەرغین، دووشت هەیە عقدی زراعی ئیتفا شمولی ناكات، تەملیك هی وەزارەتی مالیە و حكومەتە، تصرفی زراعی و سەكەنیش هی فەلاحە، بەڵام یەك شت هەیە، ئیدارەی سلێمانی ئەوەی پێنج دۆنم بەرەو سەری هەبووە، قتعەیەك زەوی پێداوە، نازانم لێرە چۆنە، بۆ عقد بەڵام شتێكی تر هەیە، موتەفەرغین كە خەرج بووە، خەریجی زراعە، سناعە بووە، خۆی تەفروغ كردووە، بۆ زراعە، نەچووە تەعین بێ و مەعاش وەربگرێ، حكومەت بیست دۆنمێكی پێداوە، چووە مەشروعی دروستكردووە، دەواجنی دروستكردووە، پەروەردەی هەنگی كردووە، چووە ئەو ئیشانەی كردووە، لەسەر پارچە زەوییەكەی، تەفەروغ بووە، بەشێك لەوانە بەیاسای ساڵی 1980 بۆشیان تەملیك كراووە، بۆ موتەفەرغین، هەندێكیان تەملیك نەكراووە، ماوەتەوە، خۆیان تەفەروغ كردووە، تەعین نەبوون، ئێمە دەڵێین ئەوانە، بە ئیستسنا كە مەشروعیان هەیە، مەشاریعیان هەیە، لە (4٪)مان دیاری كردووە، بۆ ئەوانە كە تەعویز بكرێنەوە، بەڵام بۆ عەقدەكانیش وەكو جەنابی سەرۆكی ئەنجومەن ئاماژەی پێكرد، لیژنەی یاسایی ئێمەش پرۆژەیەك بنووسین، بۆ هاوكاری خاوەن عەقدەكان ئەگینا عەقدی ئیتفا شمولی ناكات، ئەوە پێشنیارەكانی ئێمە بوو، بۆ چاو ڕۆشنی جەنابتان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عادل.**

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا تەوزیحێكم هەیە، ئەگەر ئێمە بچینەوە بۆ مێژووی زەوی لە عێراقدا، چوار جۆر زەوی هەبووە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە، امیریة، امیریة صرف، مولك، امیریة مفوضة بالطابو، امیریة ممنوحة باللزمة، ئەم چوار زەوییە، كە ئێمە بێین باس حەقی تصروف ئەكەین، ئەگەر قانونەن تەماشای حەقی تصروف بكەین، هیچ جیاوازییەكی ئەوتۆی نییە لەگەڵ مولكی صرفا، یەعنی شتەكە تەنها شكلیە، كاك شێروان ئاماژەی بە قانونی (53)دا، راستە زەوی لە عێراقدا كرایە دوو صنف، مملوكە للدولە، و ملك صرف، یەعنی بەراستی ئەگەر سەیری حەقی تصروف بكەین، تۆ بەدەیان پشت ماوەتەوە، حەقی هەیە بیفرۆشێت، حەقی هەیە رەهنی بكات، حەقی هەیە ئیستیغلالی بكات، یەعنی لەگەڵ مولكی صرف جیاوازییەكی ئەوتۆی نییە قانونیەن تەنها شكلیە، راستە ئەو قانونەی (53) هاتووە باس لەو دوو صنفە ئەكات، بەڵام لەدەوائیری تاپۆ بەهەمان نەوع ئەنووسرێتەوە، جا بۆیە ئێمە لە كاتێكدا كەباس لەحەقی تصروف ئەكەین، حەق وایە جیاوازییەكی نەهێڵینەوە لەگەڵ مولكی صرفدا، بۆیە من تەئیدی رای لیژنەی یاسایی ئەكەم، كە ئەو رێژەیە، لە (20٪) بێت، وە لێرە هاتووە باس ئەكات ئەڵێ لەو زەوییەی بدەنێ، لەبەر ئەوەی ئەو حەقانە، ماوەیەكی زۆرە درێژەی هەیە، رەنگە وەرەسەكانیان هەزار كەس بێت، حەق وایە ئێمە لەجیاتی ئەوەی تەنها بەزەوی بنووسین حەقە بنووسین عەینەن ئەو نەقدەن، بۆ ئەوەی سەرپشك بێت، لەوەی كە كامیان هەڵدەبژێرێت ئینجا ئێمە دەزانین فەلسەفەی نەزعی مولكیە، مەنفەعەی عامە، یەعنی حەقە ئێمە لێرە بەو قانونە بتوانین، ئەوە تەحدید بكەین، ئینجا ئەو موبەڕیرە لە سوڵتەی ئیداری بسەنینەوە، ئایا ئەگەر هاتوو، زەوییەك، نەزعی مولكییەی كرا، بەناحەق یان موبەڕیری نەبوو، شارەوانی كێ هەیە حیمایەی ئەو خاوەن حەقی تصروفە بكات، حەقە ئێمە ئیشارەت بەوەش بدەین دادگایەكیش هەبێت حیمایەی ئەوان بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەقیقەت من ئەو پرۆژەیە دەبینم پێشكەوتنێكە، یەعنی ختوەیەكی موتەقەدیمە لە پرۆژەكانی دیكە، بزەبت لە مەسڵەحەتی عامدایە، ئێمە بەهەموو شت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتینە، بۆیە من تەئیدی پرۆژەی حكومەت دەكەم، (12بە 20)ەكە، بەڵام هەندێك تەوزیحاتم هەیە، یەكەم ئەو تەزوزیحاتانە ئەوەنە، حكومەت كە ئەیەوێت تەوسیعی شار بكاتن، باشتر ئەوەیە بەرەو زەوی صەحەری بچێتن، نەك زۆرتر زەوی زراعی بەنەزەری من ئەمە بەئیعتیبار وەربگرێتن چونكە، ئێمە بونیەی تەحتیمان نیەو، ئینتاجی زراعیش یەكێكە لە تەنمیەی ئیقتصادی بەشەری كە ئێمە زۆر پێویستیمان پێی هەیە، لەبەر ئەوە چەند دەتوانن با

**بەرەو ئەو لایە بچن و، زۆرتر خزمەتی حکومەت و ئێمە و هەموو چینەکان دەکەن، دووەم، ئەو نیسبەیەی کە جەنابی وەزیر گوتی سافیە، باشترە ئەو نیسبەیە لە هەمان زەوی بدەنێ، چونکە بڕگەی چوارەم وا دێتن کە حکومەت حەقی هەیە، لە جێگەیەکی دیکە بیدەنێ، تا ئێستا زۆر کەس مەغدور بوونە، چونکە ئەو زەوییە کە تەعویزیان کردیە، هەمان قیمەتی نیە و هەمان ئەو قیمەتەی بەرناکەوێت و زەوی خراپترن، دوو، زەرووریە حکومەت بەنەزەری ئیعتیبار وەری بگرێت مەوعدی، وەقتی موحەدەد هەبێت بۆ ئەو تەعویزە، چونکە ئێستا زۆر کەس هەیە، ئیتفای زەوی کشتوکاڵی بووینە، سێ ساڵ چوار ساڵە تەعویزەکە نەکرایە، من پێم باشە بۆ مەسڵەحەتی عام بێت چونکە زۆر زەوی هەیە، لە زمنی قانونی وەبەرهێنان، بۆ سوپەرمارکێت وئەوانە هاتییە بەتەسەوری من ئەمە مەسڵەحەتی عام نییە، بەقەدەر ئەوەی کە نەخۆشخانەن، قوتابخانەن، یان ڕێگاو بانن، خاڵێکی دی ئەوە باشە، زەوییەکە بۆ تصرفی من زۆر نزیکی کاك عادل بم، چونکە ئەو حقوق تصرفیە هەیە، نەحکومەت دایە، نە ئیجارە، نە عقدە، بەڵام بە تەعاقوبی زەمەن، باب لەسەر باب ئیستخدامیان کردیە، تەسویەکە نەگەشتیە هەتا بەساقی ببێتە مولك، ئێمە هەمووومان دەزانین زەوی لە کوردستان بویتە مولك، یان لە عێراق هەمووی بویتە مولك، هەر لە عوسمانیەکان و لە حکومەتی بەریتانی، چون ئەو زەوی لەسەر ناوی خەڵك تاپۆ کرن و لەسەر ناوی هەندێکی تر تاپۆ نەکرن، بۆیە هەندەك مەحروم بوون، ئێستا زۆر جێگە هەیە، رەنگە دوو پارچە زەوی بیتن، جیرانەکە دەوڵەمەند بووە، یان موتەمەکین بووە تاپۆی کردیە، ئەوی دیکە فەقیر بوویە، دەسەڵات نەبوویە، نەیتوانیە بیکاتە مولك، ئەمەش غەدرەکە لەسەریان دەبیتن، باشە حکومەت، زوو ئەو قەزیە چارەسەر بکاتن، بەتایبەت لە دەڤەری ئامێدی، هەر لە ئامێدی بگرە هەتا دەچێتە ناو ڕێکان تەسویە نەبوویە، ئیتر مەشاکل هەنە، ئەو خەڵکەی دەسەڵاتی هەبوویە، یان ئیمکانیات هەبوویە، توانیە بەمولك بکاتن و ئەوی دی بەمولك نەکاتن، لێرە غەدرەکە بوویتە لەسەریان زۆر سوپاس.**

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو پرسیارەم هەبوو لە شرۆڤە کرنا وەزیرێ هاتە دەستنیشانکرن، هاتە روونکرنا بۆ من ئەز پشتگیریا پرۆژەێ حکومەتی دەکەم، کە وەکو خۆی هاتییە، ئەڤان بەڕێزی دی لە سێ لیژنەی دی نەشیا موبەڕیرێك قەوی دێینەت بۆ ڕێژەت وانا کو دگەل وان ڕێژەت بی، بەس لێرە شتێکی دی هەیە، من دەمەوێ لێرە لەسەری بدوێم، ئێمە باسی تەعویز دەکەین بەس لێرە بەری کو قانونا ئیتفا ژ نەهاتبا بەرێ مە لە قتاعی زراعی دڤەت ئێمە پێناسە جوتیاری کربا، پێناسەیا جوتیاری لێرەدا زۆر زۆرا گرنگە بۆمە چونکی بەڕاستی کێشەیەن عەردی گەلەك و گەلەك زۆرن، بەتایبەتی بەحسێ دەڤەرا سلێڤانیە دەکەم، دەڤەرا سلێڤانەیا لە ساڵا 90دا خەڵکی ڤا برەکی بویتە جوتیار ئەڤە وی چەندی لە حقوقێ وی دێتە خوارنێ ڤێ کافکی دەمێ، هەندەکش مەنتقا سلێڤانەیا بۆ ئێتە ئیفراز کرن، بۆ مەنتقەی صناعی کاردت ئێش گەلەکش وانا تاکو حەیاتا خۆ دەروت رۆژەکیش جوتیاری نەکریە، یە بوویە جوتیار وەکی ڤی کەسی سی ساڵا چلێ ساڵا**

جوتیاری کریە، وەکی وی دێتە تەعویز کرن، ئەڤەش نەبەرژەوەندی وان لەوانەیە ڤێ لێرە پێت ڤیە حەقی وانە بێتە وەرگرتن و، پێناسە جوتیاری بێتە کرن، نەك ڤی ساڵا 90 ی پێشتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

توخوا پەلەی بکەن پەخشان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش لەگەڵ رەئیەکەی جەنابتام کە ئەم یاسایە، نەك یاسایەکی زۆر زۆر گرنگە بەڵکو یاسایەکە پڕە لە تەعقیدات، بەهۆی ئەو تەعقیداتەی کە بەسەر ئەم کێشەیا هاتووە لەحکومەتەکانی عێراقی پێشوو، حەتا خۆشمان یەعینی، واتە لەحکومەتی خۆماڵی خۆشمانا، عموومەن تەعقیداتێکی زۆری بەسەرا هاتووە، ئەم یاسایە بەڕاستی ئینسان شعور بە مەسئولیەتێکی گەورە ئەکات، بەدرێژایی ئەم فەترەییەی لە بەردەستدا بووە، چونکە هەر ئێمە ناگرێتەوە، یەعنی من وای تێئەگەم جیلی دوای ئێمەش ئەگرێتەوە، من پێش ئەوەی بێمە سەر دوو ماددەکە، دڵە ڕاوکێیەکم هەیە، لە تەوسیعی شارەکان، ئەمە کاریگەری چۆن نەبێت لەسەر کشتوکاڵ، لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی کشتوکاڵدا شتێکی تیایە کە یەعنی بەرەو ئەرازی صەحەری تەوسیعەکە بکرێت، لام وایە ئەوە باشە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، ئەگەر ئێمە سەیرێکی وەزعی خۆمان بکەین، لە رووی بنەمای ئابووریمانەوە بەتایبەتی کشتوکاڵ، بەڕاستی لە عەینی وەختیشدا من بیر ئەکەمەوە، ئەکرێ کە تەصمیمی شارەکان و قەزاکان، بۆ نیسبەتەکەش یەعنی چۆن من مونحازم بەلای خەڵکی هەژارو عەینی شت من مەسڵەحەتی خاوەن موڵك فەرامۆش ناکەم، پێم وایە ئەو نیسبەتە بەو سیغەی کە ئێستاکە روون بووەوە، ئەو لە (12٪) بەنیسبەت ئەرازی ماددەی یەك ئەگەر بە موتەکاملی بێت، بێ خەدەمات و بەبێ ئەوە، من پێم وایە ئەو نیسبەتی لە (12٪) باشە، وە نیسبەتی لە (20٪) عەینی شت پێم باشە، بەڵام مولاحەزەیەکم هەیە یەعنی باشە فیعلەن ئاگادار بین، کە حکومەت بۆ مەنفەعەی عامە بەکاری بهێنێت، چونکە بەڕاستی گلەیی و گازەندە زۆرە لە موناقەشەی مەوزوعەکەشدا قسە زۆر دەکرێت، من لە ئەسڵی قانونەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر کەس دکتۆر ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم یاسایەی کە ئەمڕۆ ئێمە موناقەشەی ئەکەین و لەبەر دەستماندایە، هەرچەندە ئەمە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 1998 تە، بەس لە حەقیقەتدا، ئەمە یەکخستنی دوو یاسایە، کە دوو یاسای جیاوازە، بۆیە من پیم وایە ئەو رێژەی کە دیاری کراوە، کە ئێستا (12 بە 20) (12) بۆ مفوض بتاپۆیە و (20)یش بۆ تاپۆیە، من پێم وایە لە جێی خۆیەتی بەتایبەتی ئەگەر تەماشای بکەین،

نەك تەنها هەنگاوێك بەرەو پێشەوەیە حەتا لەسەر ئەوەی سلێمانیشە كە كراوە، چونكە لەویێ ئەگەر (12 بە 20) بێت صافی نیە، ئەمە صافییەكەیەتی وەكو لەیاسای ژمارە (2) ساڵی 1998دا هاتووە، بۆیە ئەو بۆچونانەی جەنابت و ئەوەی جەنابی وەزیرو ئەوەی كاك شێروان باسیكرد، من پشتگیری ئەوە ئەكەم ولەگەڵ پرۆژەی یاساكەم كە حكومەت ناردوویەتی، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس زۆر باسكرا، بەڵام قسە دەدەمە كاك عوسمان، عوسمان بانی مارانی چونكە سەرۆكی فراكسیۆنە فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو قانونە زیاتر هەڵدەگرێت، حەقە بەتێروتەسەلی ڕێگەی هەموو ئەندامان بدەی قسە بكەن، مەقسەدم ئەوە بوو، نەك وەكو فراكسیۆن ڕێگەم بدەی قسە بكەم، حەقی هەموو ئەندامانی پەرلەمانە، بەكەیفی خۆیان قسە بكەن، چونكە مەسەلەیەكی گرنگە، ئەوەی لە یاسای حكومەت كە باسی دەكات، دەڵێن بۆ تەوحید كردنی ئەو دوو یاسایە ئەگەر وایە، جەنابیشت باستكرد، ڕوونكردنەوەیەكت لەسەردا، فیعلەن مەنتیق بوو قسەكانی جەنابت زۆر باش بوو، بەڵام ئەگەر وایە حەقە بەتەنها ئەو دوو یاسایە بدەینە دەنگدان، ئەوەی سلێمانی دەنگبدەین یان ئەوەی ئێرە، یان ئەو دوو یاسایە تێكەڵ بكەینەوە، ئەگەر مەسەلەكەی تریشە، مەسەلەی زەوی بەڕاستی خاوەن زەوی ئێمە غەدرمان لێكردییە، وەكی ئەو پرۆژەی لەحكومەت هاتییە غەدری لەسەر كەمە، یەعنی لە (12٪) كەمە، چونكە وەكو كاك عادل باسیكرد، حەقی تصرف وەكی تاپۆیە، دوایی قانونی ئێمە، یاسای ئێمە ئێستا لەحكومەت، ئێمە مادام یاسای وەبەرهێنانی زەوییمان كردییە، ئێمە ئەو زەوییەی كە لە مەلاك دەیسێنینەوە و دەیدەینە وەبەرهێنی بێگانە لەسەری تاپۆ دەكرێت، خاوەن موڵكەكەی خۆمان بۆ وەبەرینەهێنێت، بۆ لۆ وی نەبێ بۆ لۆ وەبەرهێنی بیانی بێت، بەڕاستی ئەوە غەدرێكە ئێمە لە فەلاحی دەكەین، ئەگەر لۆ بەرژەوەندی گشتی بێت، فیعلەن وایە ئەوەی جەنابتان وتتان، پرۆژەی حكومەت زۆر باشە، بەڵام ئەوە لۆ بەرژەوەندی گشتی نییە، خاڵی دووەم باسی ئەوە دەكەن، كە عەقدی زراعە ناگرێتەوە، چۆن نایگرێتەوە، بەپێی گەشەكردن وگەورە بوونی شار، ئەو عەقدە زراعییانەی دەرەوەی شار هەموو قوت دەدات، یەعنی ئێستا لەو یاسایە هیچ شتێك بۆ جوتیار دانەنراوە، هیچ خاڵێك شمولی جوتیار ناكات، چونكە جوتیار حەقە ئەوانە لەیەكتری جودابكرێنەوە، ئەوەی تا ئێستا زەرعی دەكات، وەكو ئەوەی بەرهەمی زراعی لێ بەكاردێنێ جیا بكرێتەوە لەگەڵ ئەوانەی كە فرۆشتیتیان، ئەو جوتیارانە كە هەموو وەكو ئەڵێن بەوەرەسە وای لێهاتییە، من لە زۆر لادێ دیتیتم ئەو عەقدە زراعییانە بوویتە وەرەسەو دابەشیش كرایە، یەعنی لەبەینی منداڵەكانی خۆیان هەمووی دابەشیكردیە، وەزارەتی كشتوكاڵ نازانم چەند زانیاری هەیە لەو بارەیەوە، بەڵام ئەو عەقدە زراعییانە وەكو وەرەسەش دابەشكرایە، یەعنی زۆر خێزان هەیە وەكو بت بەو زەوییانەوەن، حەق نییە ئێمە حەقی

فەلاح بخۆین، لەبەر ئەوە بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی زەوی لە وڵاتی ئێمە ئێستا لەبەرژەوەندی گشتی نییە لەبەرژەوەندی سەرمایەدارە، مادام لەبەرژەوەندی سەرمایەدارە، حەقە ئێمە پشتی فەلاح و خەڵکی زەحمەتکێش بگرین، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە فیعلەن پرۆژەی ئەو یاسایەی کە لیژنەی قانونی باسی لە (20) دەکەن پشتگیری لێ دەکەم، لە جێی خۆیتی، حەقی خۆیانە لە (20) بدرێتە خاوەن موڵکەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆت باستکرد تۆ تەعبیر لە خۆت دەکەیت، لەسەرۆکی فراکسیۆن ناکەیت، خۆت باست واکرد، فەرموو کاک بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا ماددەیەکمان هەیە لەسەر حقوقی تصرفی قسە ئەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە زۆر قسەو موناقەشەتان کرد، بۆیە بە کورتی قسە بکەن فەرموو کاک کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی برای بەڕێزمان کاک شێروان باسی کرد، وتی راپۆرتەکەیان هەڵوەشاندەوە، راپۆرتەکان هەڵنەوەشاونەتەوە، راپۆرتەکان وەکی خۆیان ماینەتەوە، بەڕێزیشی وەکو هەموو ئەندامان و بە تەوافق هەمووومان ئیمزامان کردووە، رایەکەش مەوجودە، ئێمە لە کاتێکدا پێشنیارمان کرد، کە هەرسێ لیژنەکە ئەگەر بێت وبەتەوافق رێك بکەوین، (14 بە 24) ئێمە تەنازول لە رەئییەکەی خۆمان دەکەین وەکو لیژنەی یاسایی، بەڵام ئەوە نەکرا بەداخەوە، کەدەبووایە بکرایە و رێك بکەوین، سەبارەت بەوەی کە زۆر ئاماژە بەوە کرا، کە لیژنەی یاسایی هیچ بنەمایەکی نییە، (20 بە 30) رێژەکەی داناوە بەڕاستی ئەو مەسەلەیە وانییە، ئێمە دوای ئەوەی کە ئیستیعانەمان بە کۆمەڵێك لە شارەزاو پسپۆڕ کردووە، لە بواری کشتوکاڵدا ئینجا ئەو رایە لای ئێمە گەڵاڵە بووە، سەربارى ئەوەی کە لە دەستووردا ئێستا مولکیە موقەدەسە، مولکیە وەزیفەی کۆمەڵایەتی نییە، ئێستا مەنهەجی ئیشتراکی کۆن نەماوە، مولکیە موقەدەسە ئەبێت لە نیزاعی مولکیەدا رەچاوی ئەو شتە بکرێتن، هەروەها لە هەمان کاتدا ئێمە وەکو یاساناس ئەوە زۆر چاك دەزانین، مولك صرف وەکو حقوقی تصرفی نییە، ئەصڵەن مولك صرف ئێرە جێگای نییە، ئیتفا نایگرێتەوە، دەبوایە بەپێی قانونی ئیستملاك، ئیستملاك بکرایە، نەك لێرەدا جێگای بکرێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ کە هاتووە، ئێمە ویستمان مەسەلەکە بە ئاسایی بڕوێنین، لەهەمان کاتدا ئەو رێژەییەی زیادی کردییە، ئێمە بەڕاستی رەچاوی ئەوەمان کردووە، حکومەتی هەرێم وەکو ئەو کاتە نییە پێشی رووخانی رژێم کە حکومەت ئیعتیمادی لەسەر گومرگەکان و لەسەر باج و داهاتی باجی زەوی و زار ئەکرد، ئێستا

**حکومەتی هەرێم وەزعی زۆر زۆر باشە لەرووی مادديەوە، حکومەتی هەرێم ئێستا نیسبەیەکی زۆر چاکی هەیە لە بودجەی حکومەتی مەرکەزیدا، لەداهاتی نەوتدا، بۆیە ئێمە ئەو رێژەیەمان پەسەند کردووە، بەڵام ئێستاش ئەگەر بێت لەگەڵ لیژنەکانی تر رێك بکەوین، وەکو لیژنەی یاسایی هەمان ئەو پێشنیارەی پێشوومان جارێکی کە دووبارە دەکەینەوە، ئەگەر رێك بکەوین لەسەر ئەو رێژەیە لێرەدا ئێمە (14 بە 24) وەکو لیژنەی یاسایی دەتوانین سەحبی بکەینەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر قسە کرا ئێستاش دکتۆر کەمال بە کورتی دوو قسەتان بۆ دەکات، فەرموو.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەڕاستیدا ویستم روونکردنەوەیەك بدەم، ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر زۆر پێویستیمان بەتەختیتی عومرانی هەیە، ئەویش کاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە بۆ چەسپاندنی نیزامی موئەسەساتی پێویستە ئەوە بکرێت، شاریش هەر لەو قەوارە تەسکە نامێنێت، گەورە ئەبێتەوە، پێویستە حکومەت دەستی کراوەبێت لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، هەندێك ئیشارە کرا کە جوتیار سوود لەوە نابینن، بە عەکسەوە هەزاران کەس لەجێگەی یەك کەسو دووکەس سوود لەو بڕیارە دەبینن، ئەگەر بێت وئەو فەلاحانەی کە خاوەنی ئەو زەوییانەن و عەقدیان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ هەبووە جاران، ئێستا کامییان لە دەوروبەری هەولێر، سلێمانی، دهۆك ئەو زەوییەیان لەدەستە هەمووی خەڵکێکی بەتوانا لە زروفی ئیستسنادا بە پارەیەکی کەم لێیانی کڕیوە، بۆیە ئەمە لەبەرژەوەندی جوتیارە، چونکە بەپێی ئەم بڕیارەش سوودەکە ئەو بەشەی کە بۆی تەرخان دەکرێتن، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو برا جوتیارانە، دوویش لە هەمووی موهیم تر ئەوەیە کە تەوحیدی دوو بڕیارە، بۆیە گرنگە ئەگەر ئێمە، لێرە لەسەری موافەقە نەکەین، ئەگەڕێتەوە بۆ بڕیارە کۆنەکە، لەویٚ هەم دیسان جوتیارەکان زەرەر دەکەنەوە، کە ئەوەی خەڵکێکی بەدەستەڵات ئێمڕۆ ئەو زەوییانەی داگیر کردووە، ئێمەش لێرە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، نوێنەری چینی هەژارو لێقەوماوین، پێویستە وا کار بکەین مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، ئێستا زۆری وا بمێنێتن کەس ناڕواتەوە سەر زەوییەکەی خۆی، چونکە فرۆشتوویەتی یەکێکی سەروەت مەند بۆ خۆی لەسەری فیلەیەکی گەورەی کردووەو، نە زراعی سودی لیٚ دەبینیٚ، نە فەلاح فایدەی لیٚ ئەبینیٚ، خەڵکێکی بەتوانا سوودی لیٚ ئەبینیٚ، بۆیە بەلای من گرنگە ئەو پرۆژەیەی کە لە حکومەت هاتووە جێبەجیٚ بێت ( 12 بە 20) ئەگەر بێت و بکرایە کەمتریش بوایە باشتر بوو، بەڵام مادام پرۆژەکە هی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، وەکو خۆی بێت وزۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دوا کەس خاتوو نازەنین وەزیری شارەوانی، فەرموو.**

**بەڕێز نازەنین حمد وەسۆ/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

وەڵڵا من ویستم هەر روونکردنەوەیەك بدەم، لەبەر ئەوەی ئەو زەوییانەی کە ئیتفا ئەکرێن، بەڕاستی بۆ بەرژەوەندی شارەکان و شارەوانی بەکاردێتن، تەبیعی کەی ئەو زەوییانە داوا دەکرێت ئیتفا بکرێت کاتێك کە پێویست بوو، لە شارەکان شتێکی زۆر تەبیعی وئاساییە کە شارەکان بەرەو گەورە بوون و بەرەو فراوان بوون دەڕوات، ئەوە شتێکی زۆر ئاساییەو دەبێ بە تەبیعی وەری بگرین، پێویستیشە نابێت ئێمە فراوان بوونی شار ڕابگرین بەهیچ شێوەیەك، تەنها ویستم ئەو تەوزیحە بدەم کە ئێمە لەو کاتەدا داوای زەوی دەکەین کە ئیتفا دەکرێت بخرێتە سەر سنووری شارەوانییەکان، کە پێویست دەبێتن بۆ شارەکان، وەکو زۆربەی بەڕێزان ئاماژەیان پێدا و جەنابیشت هەروەها، شارەکانمان هەمووی زەوی نەمایە گەیشتۆتە حدودێك سنووری شارەوانییەکان قەپات بووە، ئەوە بوویتە تەگەرەیەکی یەکجار زۆر لە پێش خزمەتکردنی هاووڵاتیان، من نموونەی شاری سلێمانی بهێنمەوە، کە من ئەوە نزیکەی ساڵێك دەبێت وەزیری شارەوانیم، هەتا ئێستاکە هاووڵاتی هەیە لە سنووری شارەوانی بەژمارەی زۆریش لە ساڵی 2002 پێشتریش هەیە، فەرمانی رەسمی بۆ دەرچووە کەزەوی وەربگرێت، هەتا ئێستا زەوی نیە بیدرێتێ، ئەو هاووڵاتیە زەوی وەرنەگرتیە، تەبعەن ناڵێم هەمووی بەس ژمارەیەکی زۆر هەیە، لەبەر ئەوەی سنووری شارەوانی سلێمانی قەپات بووە، هەروەها دێیتە سەر سنووری شارەوانی هەولێر بەهەمان شێوە، ئەو فراوان بوونەش کە دەبێتن، لە شارەکان بەپێی نەخشەیەکی زانستی و حەزاری دەبێتن، ئێستاکە ئێمە لە ساڵانی پێشوو ڕەنگە زۆربەی زۆرمان ئێمە رازی نەبووین لەو شێوە هەڕەمەکییەی کەشارەکانمان پێی فراوان بووە لەبەر ئەوەی تەسمیمی ئەساسیمان نەبووە، لەبەر ئەوەی ماستەر پلانی شارەکانمان نەبووە، ئێستا خۆشبەختانە وەزعی حکومەت گۆڕایە، ئیمکانیات پەیدابووە، هەروەکو بەعزێك لەبرادەران ئاماژەیان پێکرد، ئێستاکە ئێمە بەتایبەتی هەر سێ شارە گەورەکە، ئێستاکە حالییەن تەسمیمە ئەساسیەکەی لەژێر پلاندانەیەو هەریەکەیان کۆمپانیایەکی موتەخەصیصی بیانی لەو بوارە تەصمیمی دەکاتن، دیتم نیگەرانی یەکجار زۆرە لەسەر بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی، حەقی خۆیانە ئەو نیگەرانییە هەبێ و ئێمە لەگەڵێنە، بۆیەش ئێمە تەصمیمی ئەساسی ئەو شارانەمان دووبارەی دەکەمەوە دایتە کۆمپانیای پسپۆڕ، کە تەصمیمی چەندین شاریان لەجیهان کردیە، خۆشیان و ئێمەش تەوجیهاتمان وا دایە پێیان هەتا بتوانین، کەمترین زەوی کشتوکاڵی بەکاربهێنین لە فراوان بوونی زەوییەکان هەتا بتوانین، ئەو زەوییانەی کە بەکەڵکی کشتوکاڵ نایەن، بەڵام زۆرجاریش ئەبینین، ئەوە تەصمیمی شارە هەندێ زەوی کشتوکاڵی بەردەکەوێت، خاڵێکی تر ویستم روونی بکەمەوە، ئەوە تەنها بۆیەك هەدەف نییە، وەکو وتم بەپێی نەخشەی بنەڕەتییە، نەخشەکە بڵێت ئەو زەوییە بۆ نیشتەجێیە یان بۆ خزمەتگوزارییە یاخود زۆرجار بەسەوزاییش دەمێنێتەوە، کە ئەوەش خاڵێکە ئێمە زۆر تەئکیدی لێ ئەکەین، زۆربەی ئەو زەوییانە بەتایبەتی ئەوانەی کە کشتوکاڵییە، هەوڵ دەدەین رووبەرێکی زۆری وەکو باخ یاخود گەشتەوەرییەك، وەکو پارکێك وەکو

باخچەیەك وەكو سەوزایی بمێنێتەوە، ئەوەی كە رەچاوم كرد لە بیری هەموو ئەندامان بوو، جێگای رێژە چونكە نیگەران بوون كە چۆن بەكار دێت، بەڵام دەمەوێت دڵنیایان بكەمەوە، كە باشترین شێوە لەزمنی تەصمیمی ئەساسی شار بەكاردێت، بەڕاستیش ئێمە وەكو شارەوانی ئەو تەعدیلە زیاد كردنی رێژەییە، بەتایبەتی لەزمنی شاری هەولێر و دهۆك، هەروەها بەرێژەیەكیش ناوچەی سلێمانیش لەبەر ئەوەی وتمان زەوی ساف دەدرێتن، رەنگە ئەوە زەرەر بێت بۆ وەزارەتی شارەوانی و بۆ شارەوانیەكان، چونكە تەمسیلی مەسڵەحەتی عام دەكاتن لێرەدا شارەوانی، بەڵام لەگەڵێنە لەبەر ئەوەی بەڕاستی مەسڵەحەتی هاووڵاتی تێدایە، هی حەقی تصروف تێدایە، مەسڵەحەتی مەلاكی تێدایە، منیش هەر بەهەمان شێوە داواكارم لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئەگەر مەشروعی تەعدیلی ئەم قانونە ئەوەی لەحكومەت هاتییە، پشتگیریمان بكەن لە مەسڵەحەتی حكومەت و هاووڵاتی و ساحێب موڵكیشە و ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان بانی مارانی فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باسی ئەوەت كرد كە ئەوە رەئی خۆیتی یان رەئی فراكسیۆن لەگەڵ پشتگیری رای لیژنەی یاسایی دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تەعلیقم لە قسەی خۆتدا، وتت ئەبێ هەموو ئەندامان قسەی بكەن، وتم هەموو كەس حورە، رەئیم نەدا، تەعلیقم لەقسەی خۆت دا، تۆ وتت هەموو كەس ئەبێ قسەی بكاتن فراكسیۆن نییە، بۆیە وتم تەعبیرت لە رەئی خۆت كردو هەموو ئەندامانیش تەعبیر لە رەئی خۆیان دەكەن، كاك ئاخر ناوم نووسیبوو مولاحەزەم نەكردبوو، ئەوەی ناوی نەنوسیبێتن و دەستی هەڵدەگرێت ئیجازەم بدەن من خۆم قەرار بدەم، رەنگە كوێستان خانیش نەم دیبێتن، كاك ئاخر قسەی دەكاتن فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بابەتێك هەیە بەنیسبەت ناوچەی سۆران وچۆمان و سیدەكان و مێرگەسورو خەلیفان، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە لەلایەن حكومەتی عێراقییەوە مەحزور بوو، هەتاوەكو ئێستاكێ نەهاتینە تەسوییە كردن، نموونەیەكت لۆ دێنم كە تەمسیلی هەموو شارەكان دەكات، رەواندوز شارێكە ئێستا سنووری شارەوانی زیادبووە، فراوان بووە، زیاتر لە سەد جوتیار مەحروم بووە لەزەویی، زەوییان نیە، ئەو نیسبەشیان پێ نادرێت، كە كاتی خۆی هەموو لەدەرەوە بووینەو، شەملی لە (8٪) و لە (12٪) ناكەن، یان (12٪) لە

(20٪)ی ناکەن، چونکە زەوییان بەناو نیە، لەبەر ئەوەی لەوکاتی کە حکومەتی عێراق بانگهێشتی کردینە، ئەوان لەوێ نەبووینە، بۆیە ئێستا گوناهییان چییە، ئەبێ جێگای ئەوانیش لەو یاسایەدا بکرێتەوە، کە مەحروم نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من کۆتایی بەموناقەشەکە دێنم، پرسیار دەکەم لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی شارەوانی، موسیڕن لەسەر ڕەئیەکەیان یان سەحبی ئەکەنەوە، لیژنەی یاسایی سەحبی ئەکەن یان نا جوابم بەنەوە بە ئا یان نەء؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەو ڕێژەییەی کەهەیە کاتی خۆی لە کۆبوونەوەی هەرسێ لیژنەدا پێشنیارمان کرد، ئێمە زۆربەی ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەوە کۆك بووین، کە (14 بە 24) بێت تەنها دوو ئەندام نەبێتن، بەڵام زۆربەیان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە(14 بە 24) بێت، ئێستاکەش ئەگەر برادەران ڕازی بن ئێمە سەحبی ئەکەین ئەوەی خۆمان، ئەگەر هەردوو لیژنەی کشتوکاڵی و شارەوانی لەگەڵ ئێمە هاوڕابن ئێمە ئەوەی ( 20 بە 30)ەکە سەحب ئەکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە پێش دانانی ئەم ڕێژەیە لە (12٪ و لە 25٪) ڕێژەی زیادمان دانابوو، بەڵام بۆ نزیك بوونەوەو ڕێکخستنی یاساکە و چاکسازی و ئیعتیبار بۆ ئەو ڕەئییەی حکومەت ئێمە هاتینە ئەو ڕێژەییە، بەڵام دوێنیش موناقەشەیەك کراوە لەبەینی لیژنەکاندا، لیژنەکان نزیك بوونەوە بۆ لە (14 بە 24) ناڵێم پێك هاتین، بەس نزیك بووینەوە، ئێستاش پێم باشە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن، ئەوە بخاتە دەنگەوە، موتەفقین و نزیکین لیژنەکان کە (14 بە 24)بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تەبعەن دیارە سێ موفتەرەحمان هەیە، کاك ئاخر نوقتەی نیزام.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم لەلیژنەی کشتوکاڵم دوێنیش نەگەشتینە نەتیجە سەحبمان کردەوە، برادەران لەوێ بوون، کاك تەلعەت و کاك بەڵێن بوون وتم من سەحب ئەکەمەوە، کاك شێخ الله و کاك شوکری نێرەوەیش، لەوێ نەبوون، نازانم ئەوانیش ڕەئیان چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنەی یاسایی چیتان وت، ئەوە مەعلومە كە دەڵێن (14 بە 24)ەكەیە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر سەرۆكی ئەنجومەن لەسەر (20 بە 30).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان تەوزیحی هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك كەریم بەحری وتی سەحبی ئەكەینەوە، هی لیژنەی یاسایی، ئێستاش ئەڵێت سوورین لەسەر ئەوە، بەڕاستی من لەسەرەتاوە ئیشارەتم پێدا ڕەئی جیاجیا هەیە، لەناو لیژنەی یاسایی، ئێستا ئەو برادەرانەی لێرەینە ڕەئی جیاجیا هەیە، بەو شكلەی نیە ئەوە یەك، هەندێك مولاحەزەشم هەیە تەوزیح ئەكەم ئەو قانونەی كە دەرچووە، مولك صرف ئەگرێتەوە، چونكە قانون ئیتفاو ئیفرازی ئەرازییە، كاك كەریم حەزەكەم ئەو مەعلوماتە  تەعدیل بكەیت، ئیفرازەكە باسی مولك صرف دەكات كەلەلایەن شارەوانییەوە ئەنجام دەدرێت، بەو قەواعیدەی كەلە قانونی ئیستیملاك هاتییە، واتە قانونی (222) ئەیگرێتەوە، ئەو یاسای ژمارە (3)ییەی ساڵی 1998 هەردوو قانون لەخۆ دەگرێت، (53) و (222)ش لە خۆ دەگرێت، بما فیهم مولك صرف، بەنیسبەت حەقی ئیختیار ئێمە ئەگەر حەقی ئیختیار بدەین، هەڵەیەكی گەورە دەكەین، چونكە ئەگەر هاتوو پارچەیەك مەساحەكەی گەورە بوو، ئەمەمان هەمووی ئیتفا كرد، چۆن تۆ حەقی ئیختیاری ئەدەیتێ بەخاوەنەكەی، واتە موعارەزەی كرد لەگەڵ ئیستیعمالاتی شارەوانی، بۆیە دەبێ ئەم حەقی ئیختیارە بەڕاستی تووشی هەڵەیەكی گەورە دەبین، برادەرێكی تر باسی ئەوەی كرد دەڵێت ئیعتیراز، ئیعتراز نیە بڕیارەكە قەتعییە، ئێمە لە قانونی ژمارە (3) پازدە ڕۆژمان دانایە، بۆ ئەوەی هەركەسێك ئەگەر زانی تەعویزەكە عادل نیە، بۆ قەزامان هێشتووەتەوەو، موراقەبەی قەزایی لەسەر ئەو بڕیارانە دەكرێت كە لیژنەكانی ئیتفاو لیژنەكانی شارەوانی دەریدەكەن، یەعنی ڕقابەی قەزایی لەسەر ئەوە ئاوها نیە هەروەكو عالەم دەڵێت، من لەگەڵ ئەوەمە كە تەئیدی پرۆژەی حكومەت دەكەم، لەگەڵ لە (12٪)م و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیجازەم نەداوی ئەوە یەك، دووش پێم وایە موناقەشەی زۆر كرا، ناشمانەوێ موناقەشەكە بكەوێتە نێوان ئەندامانی لیژنە خۆیانەوە، من هەندێك قسە دەكەم عمومیاتی قسەكە، لێرەدا هەمووتان مەسئولن، لەدەرچوونی ئەو قەرارە، دوێنێش لە لیژنە قسەیەكم كرد، قسەكە هی خۆم نیە موعجیبی قسەكەم، ئەویش ئەوەیە هەریەكە لەئێوە كە دەنگ بۆ شتێك ئەدەن، چەند شتێك لەپێش چاوتانە، یەكێكیان

عەدالەتە، زەمیرە، قانونە، بیروباوەڕە، تەماشاکردنتانە بۆ دوارۆژ، ئەو هەموو شتانە لەپێش چاوتانە، تەفصیلاتی مەعلوماتتان لەسەر هینەکە، باگراوندتان ئەو پرۆژەیە چەند مانگە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، هەر لیژنەی قانونی بەدوای پسپۆڕو خەبیرو شارەزا نەرۆیشتووە، هەریەکە لە ئێمە، لەو سێیە، چەندین کەسمان دیوە، لە شارەزاو قانونی و خاوەن مولك، خەڵك ئێمەش تێگەیشتووین لەخۆمانەوە قسە ناکەین، لەبەر ئەوەی مەسئولییەتمان هەیە، قسەکانم کەلێرە کردووە، چەندین کەسی خۆم بەش بەحاڵی خۆم بێجگە لە ئەندامانی لیژنە، کە لێرە رامان ئاڵوگۆڕ کردووە، لە زۆر کەسی خاوەن موڵکیش پرسیارم کردووە، چ ئەوانە کۆن زەوییان ئیتفا کراوە، چ ئەوانەی چاوەڕوانی ئەو قانونە ئەکەن ئیتفا بکرێتن، لەبەر ئەوەی ئەو قەرارەی کە ئەیدەین، هەریەك لە ئێمە تەریقەی تەفسیری، تەریقەی گەیشتنی بە قەرار، مەجموعە شتێك هین دەکاتن، بەڵام بیر بکەنەوە لەوەی کە ئەو قەرارەی کەوەری دەگرن، لەبەر رۆشنایی ئەو چەند حەقایقە، بیروباوەڕ زەمیر، عەدالەت، قانون، گونجان لەگەڵ حکومەت، ئەداتی جێبەجێکردنی، قابیلیەتی جێبەجێکردنی، زەمەن، بزانن ئەو قەرارەی کە دەیدەن ئەو دەنگەی کە دەیدەن راستە، ئەوجا بیدەن، لە بۆ یەك شت رەئی مەدەن، بۆچوونێکتان هەیە شەخصی، تایبەتمەندیەکی شەخصیتان هەیە، تەنها نابێت رەئی بدەن لەسەر ئەوە، بەتەنها نابێ لەسەر ئەساسی حزبی رەئی بدەن، بەتەنها نابێت لەسەر عەدالەت رەئی بدەیت، دەبێ بزانی بێجگە لە عەدالەت حکومەت قودرەتی ئەوەی هەیە، کە جێبەجێی بکاتن، ئەگەر حکومەت قودرەتی نەبوو جێبەجێی بکاتن، سەد جار عەدالەتی تێدابێتن، من دەمەوێت یۆتۆبیا دروست بکەم، ئەکرێت، کەواتە ئەبێ ئەو قەرارە نەدەم کە دەوڵەتێك دروست دەکاتن، یەکسانی وەکو لە ئەفلاتۆن و یۆتۆبیاو مەدینە فازیلەدا هاتووە، دەبێ قەرارێك بدەم کەڕاستە، ئەو قەرارە ئەگەر ڕاستە بیدەم، ئێستا سێ پرۆژەمان لە پێشە، پرۆژەیەك لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، ئەو داوای تەعدیل دەکات، لە (8٪) بەپێی قانون، دەڵێ بیکەن بە (12٪) پرۆژەیەك لەلایەن لیژنەی یاساییەوە هەیە دەڵێن بیکەن بە لە(20٪) پرۆژەیەکیش لەلایەن لیژنەی کشتوکاڵەوە هەیە دەڵێن بیکەن بە لە(15٪) هەرسێك پرۆژەنە، لەبەر ئەوە بەپێی ئەولەوییات، پرۆژەی حکومەت دەخەمە دەنگەوە یەکەم جار، کە دەڵێت لە (8٪ ببێت بە 12٪) کێ لەگەڵ ئەوەیە لە (8٪) ببێت بە لە (12٪)دەستی بڵند بکات تکایە، کێی لەگەڵدا نیە دەستی بڵند بکات با بیژمێرین تکایە، 54 بە 34 بەزۆرینەی دەنگ پێشنیاری حکومەت دەنگی لەسەر درا، بڕۆن بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

بڕگەی (2) ماددەی سێیەمی یاسای ژمارە(3)ی ساڵی 1998ی کوژاندنەوەو دابڕدابڕکردنی ( جیاکاری) زەوی ناو سنووری شارەوانییەکان، هەموار دەکرێ، وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

2- خاوەن ئەو زەوییانەی بە( عەینی) واتا ( بەزەوی) بە ڕێژەی (20٪)ی کۆی رووبەری ئەو زەوییانەی بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێن، قەرەبوو دەکرێنەوەو، مافی ئەوەشیان هەیە، ئەو رووبەرە زەوییەی پێیاندراوە،بەجۆرێ دابڕدابڕی (جیاکاری) بکەن کە لەگەڵ جۆری بەکارهێنانە ئیقرار کراوەکانیاندا پێچەوانە نەبێ.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية : تعدل الفقرة (2) من المادة الثالثة من قانون اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 و تقرأ على الوجه الآتي :-

2- يتم تعويض صاحب الارض عيناً بنسبة قدرها(20٪) من مجموع مساحات الارض التي ستسجل بأسم البلدية يحق له إفراز المساحة الممنوحة له بما لا يتعارض مع الاستعمالات المقرره لها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەماددەی دووەم بەم شێوەیە:-

ماددەی دووەم: بڕگەی (2) لە ماددەی سێیەم لە یاسای کوژاندنەوەو جیارکردنەوەی زەویەکانی ناوەوەی سنووری شارەوانیەکانی ژمارە (3)ی ساڵی 1998 هەمواردەکرێ وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

2-خاوەنی ئەو زەویانە بەڕێژەی 30٪ لەکۆی ڕووبەری ئەو زەویانەی کە بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێ قەرەبوو دەکرێنەوە بە جیاکراوە بە موڵکێکی خۆسەرو بەناویانەوە تۆمار دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ تکایە. بەعەرەبی بیخوێنەوە ڕاپۆرتەکە عەفوو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تعدل الفقرة (2) من المادة الثالثة من قانون اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم 3 لسنة 1998 و تقرأ كالآتي:

2-يتم تعويض صاحب تلك الأرض عيناً بنسبة قدرها 30٪ من مجموع مساحة الأرض التي تسجل باسم البلدية وتسجل مفرزة باسمائهم ملكاً صرفاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگەی (2) ماددەی سێیەم پێشنیار دەكەین، بەم شێوەیە:

أ-خاوەن زەوییەكان واتە (ملكداریێتی صرف) قەرەبوو بكرێنەوە بەڕێژەی لە (25٪) لەكۆی رووبەری ئەو زەوییانەی كە مافی بەكارهێنانیان تێدا كوژاوەتەوە، ئەو رێژەیەش وەكو ملكی صرف بەناویان دەكرێت ئەگەر نەگونجا ئەوا بەهەمان رێژەو زەوی هاوشێوە قەرەبوو دەكرێنەوە.

ب-لەكاتی قەربوو كردنەوەی خاوەن زەوییەكان رەچاوی شوێنی ئەو زەوییانە دەكرێت كە بەریان دەكەوێت سەبارەت بە شەقامی سەرەكی و پلەی ئاوەدانكردنەوە، بەڕێژەی لە (25٪) رووبەری زەوییەكان مسۆگەر بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەو نیسبەیە دەكەم كە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتیە، لەگەڵ ئیزافەی ئەوەی كە لە عەربیەكەی خوێندیەوە، كە دەڵێت (یعوض عیناً) لە ئەصڵی مەشروعەكە، بە موفرەزە نەهاتیە یەعنی بە صافی نەهاتیە، عینی هاتیە، ئەڵێت بۆی هەیە ئیفرازی بكاتەوە دووبارە خاوەن مولك، لە ئەصڵی پرۆژەكەو ئەگەر چاوی پێدا بخشێننەوە، چونكە یەكدی ناگرێت لەگەڵ ئەوەی كە باسكرا بەحەقیقەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ وەڵامی ئەو پرسیارەی كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە وازحە، یەعنی مەبەست لە زەوییە، وە زەوییەو زەوی موفەرەزە، یەعنی صافیە، لە مەتنی قانونەكە وا هاتووە، یەعنی هیچ عدم وزوحێكی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەمەلییەن ئەبێ تەسجیل بكرێت، ببێ بە موفرەزە، حەقە ئەوە چاك بكەن، لە ئەصڵی مەشروعەكە توزەع موفرەزەتەن، یەعنی تۆ ئیفرازی ئەكەی ئینجا توزیعی ئەكەیت، عەمەلییەن وایە، نازەنین خان ئەوە ئیشی ئێوەیە، با بزانین وەزیری شارەوانی رای چیە.

**بەڕێز نازەنین حمد وەسۆ/ وەزیری شارەوانییەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا وابزانم موفرەزەیە، بەڵام کە دەڵێت (يحق له أفراز بعض) یەعنی ئەو خاوەن حەقە، حەقی هەیە تصرف بەو زەوییە بکات، بەپێی تصمیمی ئەساسی بگەڕێتەوە سەر شارەوانی، یەعنی رەنگە پارچەکەی گەورەیە شەرت نیە، لەبۆ سەکەنی بەکاربهێنێت، لەبۆ شتی تر، بەڵام بەپێی تەصمیمی شارەکە بێت، بەڵام کە دەڵێ ( المخصصه له) موخەصەصەکە موفرەزە، ئەوە باسی پاش ئەوە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پارچەی بۆ تەخصیص دەکرێت لە نەتیجەی ئیفراز، ئەگەر دووبارە ئیفرازی بکاتەوە، ئەوکاتە دیسان خەدەماتە، جادەیە دەبێ ئەو مەلاکە تەنازول بکاتن لێی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی لیژنەی شارەوانی ڕاستە، دەبێ بەموفرەزەتەن بێت باشترە، بەڵێ کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی ئێمە دەقیق ترە لەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئەوەی ئێمە دەڵێت ( تسجل بأسمهم)ئەوە تەسجیلە ئەوەی تر حەقی هەیە، ئیفراز بکات، فەرقێکی زۆر هەیە لەبەینی تەسجیل و حەقی پێدەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك کەریم وتی من پشتگیری لێ ئەکەم، چونکو ئەبێ موفرەزە صافی بێت، ئەوە ئێستا عەمەلییەن پیادە دەکرێت بەو شێوەیە، چونکە حەقی ئیفراز نادەنە خاوەنەکەی، خۆیان ئیفراز دەکەن و دەڵێن ئەوە حەقی تۆیە مولك صرف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیر موافق بێت ئەو مولاحەزەی لیژنەی یاسایی وشارەوانی پێم وایە قانونیەن باشە، بەتەعدیلی پرۆژە ئەصڵیەکە موافقن بیکەن.

**بەڕێز نازەنین حمد وەسۆ/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵینە، ئێستا ئەوە پیادە دەکرێتن، پارچەی موفرەزە پیادە دەکرێت.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش تەعبیری عەرەبییەکەمان وا نووسیوە، ویسجل باسمائهم ملکاً صرفاً مفرزة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەڕاستیدا موناقەشەکەی وەکو ئەوەی پێشووە، لەبەر ئەوە سێ موقتەرەحە بەهەمان بۆچوون و بەهەمان تەحدیدو، بۆ ئەوەی سەرتان نەئێشێنم موقتەرەحەکان دەخەمە دەنگەوە، موقتەرەحی یەکەم هی حکومەتە، کە ئیقتراحی کردووە کە لە (12٪) ببێتە لە (20٪)، موقتەرەحی دووەم هی لیژنەی یاسایی و شارەوانییە، کە دەڵێن لە (20٪) ببێت بە لە(30٪)، موقتەرەحی سێیەم هی لیژنەی کشتوکاڵە کە دەڵێن لە (12٪) ببێتە لە (25٪)، یەکەم موقتەرەح هی حکومەتە کێ لەگەڵ موقتەرەحی حکومەتە کە لە (12٪) ببێتە لە (20٪)، دەستی بڵند بکات تکایە، لەگەڵ مولاحەزەی هەر سێ لیژنەکە کە موفرەزەکە زیاد بکاتن کە حکومەتیش موافەقەی کرد، کێی لەگەڵە با دەستی بڵند بکاتن، تکایە، فەرموون کێ لەگەڵی نیە تکایە، ئەقەلییەتە بردییەوە فەرموون، حکومەت بردییەوە بڕۆن بۆ ماددەی سێیەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم لە ئەصڵی پڕۆژەکە.

هەر دەقێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ناخرێتە کار.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

لا يعمل باي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە کە ماددەی سێیەم زیاد دەکرێت و ماددەیەکی موزافە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

ئەو زەویە نیشتەجێی وبازرگانی کە تەرخان دەکرێن بەرامبەر کوژاندنەوەی زەوی وزاری ناوەوەی سنووری شارەوانیەکان لە باجی زەوی و وزار دەبەخشرێن بۆ ماوەی دوو ساڵ لە مێژووی تۆمارکردنیان بە ناوی خاوەنەکانیانەوە لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی تۆمارگەی خانووبەرەی تایبەتمەندا .

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تضاف المادة التالية الى القانون بتسلسل المادة الخامسة(مكررة) و تقرأ كالآتي :-**

**المادة الخامسة (مكررة): تعفى الأراضي السكنية أو التجارية التي تخصص مقابل اطفاء الأراضي داخل حدود البلديات من ضريبة العرصات لمدة سنتين اعتباراً من تاريخ تسجيلها باسماء اصحابها لدى مديريات التسجيل العقاري المختصة.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تۆزێك شەرحی بکەن ئەمە چیە تکایە.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەۆرکی ئەنجومەن.**

**ئەو زەوییانەی کە دەدرێت بەهاووڵاتی لە ڕۆژی تۆماکردن بەناویانەوە، زەریبەی تەریکات لەسەر ئەو زەویی وزارانەی ئیش دەکاتن، لەوانەیە ئەوەی زەوی و زار وەردەگرێتن، نەتوانێت، لەو ماووەیەدا ئەو زەوییانەی کە وەری گرتیە، ساغ بکاتەوە، کە زەریبەی تەریکات لەماوەی دوو ساڵ مایەوە، ئەو هەموو زەریبەیەی هاتە سەر کەواتە هیچ نەکرایە، ئەو کەسەی کە تەعویز کرایە حکومەت لەلایەکی دیکەوە، بە زەریبە لێی دەسەنێتەوە، بۆیە وامان پێشنیار کردیە هەتا ماوەی دوو ساڵ مۆڵەت بدرێتە خاوەن موڵك بۆ ئەوەی بتوانێتن ئەو زەوی وزارانەی یەکلایی بکاتەوە، زەریبەی تەریکات نەیگرێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تەسەور ئەکەم ئەمە مەوزوعێکی جودایە، یەعنی دەبێ وەزیری مالییە لێرەبایە، چونکە عیلاقەی بە وەزارەتی مالییەوە هەیە، من رام وایە ئەو رەئیە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی لەوێ دیراسەی لەسەر بکرێتن وببێتە شتێکی تایبەتمەند، خارجی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك کەریم فیعلەن ئەو قسەیە وایە ئەوەلەن ئەبوایە ئەو پرۆژەیەی ئێوە لەگەڵ وەزیر پێشتر قسەتان لەسەر بکردایە، موقتەرەحێکی تازەیەو بێ هەموارکردن لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە، دەکرێ وەکو دە ئەندام پێشکەشی بکەن، بۆ هەموارکردنی قانونێك ئەبێت رەئی وەزارەتی مالییە وەربگرین، لەبەر ئەوە پێم وایە سەحبی بکەن باشترە، بیخەنە بەرنامەی خۆتان، دەئەندام پێشکەشی بکەن بۆ ئەوەی بۆ وەزارەتی**

مالییەو وەزارەتی پەیوەندیدار بینێرین وشتێکی مەنتقی تێدایە قسەکانتان، بەڵام دەبێ ئسوڵی یاسایی وەربگرێتن، پێم وایە سەحبی بکەن باشترە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو خاڵەکەی تر بەپێی ئەوەی لیژنەمان هاتیە، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە ئەو بەرژەوەندییەی هاووڵاتیان، لەو رووەوە رەچاو بکرێت و ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم ئێمە قسەیەکمان کرد جەنابیشت قسەیەکت کرد، وتت ئەوە سێ مانگە ئەو پرۆژەیە موناقەشە ئەکەین، من بەش بەحاڵی خۆم ئەوەی تۆ دەیڵێیت من تێناگەم، ئەبێت لەخەڵکێك بپرسم چۆن چۆن نیە، کێ قازانج دەکات، کێ زەرەر دەکات، لە رووی مالییەوە چۆنە لەرووی خەڵکەوە کێ دەگرێتەوە، بەو پەلە پەلییە نابێت، یەعنی بەش بەحاڵی خۆم من تێناگەم، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو ماددەیەمان لەو پرۆژەیەدا دانا لەبەر ئەوەی ناحییەی عەمەلی مولاحەزەمان کرد، کە زەوییەکان پاش ئەوەی کە ئیتفا دەکران، تەسجیل دەکرا بەناوی خەڵکان، خەدەماتی نەگەیشتۆتێ و زەوییەکانیش ئیفراز کرایەو خاوەن موڵکیش ناتوانێت بیفرۆشێت، زەریبەی عەرەساتی لەسەردەدات، زەرییبەکەش بەراستی مورهیقە وزۆرە، یەعنی وا دەکاتن، زەوی ئەصڵی رۆیشتووەو قازانجیش لەو زەوییە ناکات لەبەر ئەوە ئەو ماددەیەمان دانا بۆ ماوەی دوو ساڵ عەفوو ببێت لە زەریبەی عەرەسات، وەبێ بتوانێت سوودی لێ ببینێ تاوەکو خەدەمات دەگاتە ناوچەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وایە ئەو ماددەیە زیادە، چونکە زەریبەی عەرەسات زەوی تا سێ ساڵان وەکی تەسجیل دەکرێ بەناوی خاوەنی عەفووە بەخۆی، تەلقائییەن عەفووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفووم کەن ئەوەلەن کاك عەونی ئیعترازم لەسەر قسەکانت نیە، بەتەنها خاوەن موڵکەکە ناگرێتـەوە، هاووڵاتیش دەگرێتەوە، بەو قسەیەی کە ئێوە دەیکەن، من ئیعترازم لەسەر ئەوەیە ئەو ماددەیە شتێکی تازەیە، پێویست دەکات بەئسوڵی قانونی خۆی هەمواربکرێتن، من تێناگەم بەحەقیقەت، جارێ نەدراوەتە

لیژنەی کشتوکاڵی و لیژنەی شارەوانی و ئەوانیش دیراسەیان نەکردووە، ئێمەش نەمان دیووە، وەزارەتی مالییە نەیدیووە، ناکرێ ئاوەها، فەرمووو کاك محمد حکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا لەوە ئەچێ نیزامیش نەبێ، بەڵام من لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ لیژنەی یاسایی، بەڵام هەندێ جار ئێمە ئەبینە زەحییەی خیلافاتی ئەوان، کاك کریم و کاك شێروان لە زۆر شتدا خیلافیان هەیە، ئێستا کاك عونی و مامۆستا کاکە خیلافیان هەیە، ئەگەر پێشتر یەك دەنگ بن و تاوتوێی بکەن، چونکە رەئی ئەوان زیاتر ئیعتیباری بۆ ئەکرێت لەناو پەرلەمان و لەلای سەرۆکایەتیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە خیلافات هەیە بەس ئەکسەرێیەت، رەئیان وەرگرتیەو تەقدیم ئەکەن دیارە ئەکسەریەت وجودی هەیە، ئەزانی چۆنە ئەو موقتەرەحە تازەیە کەهاتووە، لیژنەی کشتوکاڵ دیراسەتی نەکردووە، لیژنەی شارەوانیش دیراسەتی نەکردووە، حکومەتیش ئاگای لێی نییە، ئەگەر سەحبی بکەن پێم باشە بیخەنە پرۆژەیەکی دە ئەندامییەوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکەین، وام پێ باشترە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە راپۆرتەکەدا هاتییە، موعەلەقە لەسەر موافەقەتی وەزارەتی مالییە ئەوە یەك، دوو ئیمکان هەیە ئەو موقتەرەحەی ئێمە وەکو تەوسیەکانی تر دوو تەوسێمان هەیە، ببێتە سێ تەوسیە و ئاراستەی حکومەتی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەحبی ناکەن ئەیخەمە دەنگدانەوە، کاك ئارێز فەرمووو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، چۆن ئەکرێ ئەوان ئیمزا بکەن و ئێمە ئیعتیماد دەکەینە سەر ئیمزاکانی ئەوان و وردەکارییەکانی ئەوان، دواتریش لێرە دێن بەبێ موبەڕیڕ پەشیمان ئەبنەوە، بەڕاستی لای ئێمە جێگای سەرسوڕمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەشیمان بوون جائیزە لەبەر ئەوەی تۆ لێرەدا، رەئێکی سائیب ئەبینی مەنتقێکیی تازە ئەبینی دەگۆڕێ رەئی تۆ، ئەوە زۆر تەبیعییە، کاك فرست رەئی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم زۆربەی برادەران دەزانن لەزۆربەی پەرلەماناتی عالەم، ئەصڵەن ئەندامان حەقیان نیە، پرۆژەی مالی تەقدیمی پەرلەمان بکەن، ئەوە مەوجودە لە هەموو پەرلەماناتی عالەم، ئەگەر لە هەموویان نەبێ لە زۆربەیان هەیە، لێرە ئەوە نەصێکی مالییە چۆن ئێمە ئیقراری بکەین، بەڵکو من لەگەڵ فکرەکە بم، بەس چۆن ئێمە ئیقراری بکەین بێ ئەوەی حکومەت ئاگاداربێت، بێ ئەوەی وەزیری مالییە ئاگای لێبێت، بەرەئی من ئەوە خیلافی مبادئ و قواعیدی عامی نیزامی پەرلەماناتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لێرەدا لەو ماددەیە، هیچ قورسایی وئەرکێکی مالی ناخەینە سەر حکومەت، تەنهاو تەنها ئەو خەڵکانەی کە ئینتیزاعی مولکیەی لێکرایە، ئیمتیازێکمان دایتێ بۆ ئەوەی بتوانێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستا پێك هاتووە لەو بودجەیەی کە لە حکومەتی فیدرالەوە دێتن، لەگەڵ ئەو رسوم و زەرائیبەی لەناوەوەی کۆدەکاتەوە، مەسدەرێکی زۆر گرنگە و گەورەیە تۆ لێرەدا ئیهمالی بکەی، لەوێ ئیهمالی بکەی بەتەنها میزانییەی حکومەت بەشی سێ روبعیش ناکات، لەبەر ئەوە ئەوە ئەهەمێتی هەیە، ناتوانین بێ رەئی ئەوان، من موئەیدیم بۆ خەڵکی هەژارو فەقیر قەیناکە، بەڵام بەبێ رەئی ئەوان نابێتن، ئەگەر سەحبی ناکەیت ئەیخەمە دەنگەوە، بەڵێ کاك تاریق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر کلیمە بخوێننەوە (بعد راي وزارة المالية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو رەئیە نابێت، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسای بەخیلاقی ئسوڵی پەرلەمانییە، بەڕاستی چونکوم ئەوە پرۆژەیەکە بەو شێوەیە پێشکەش ناکرێت، موقتەرەحێکە بەبێ ئەوەی لەگەڵ وەزیر ئیتیفاق بکەن، کەواتە رەئی حکومەت نیە، موقتەرەحێکی تازەیەو ئەعبائی مالیشی لەسەرە، لێرە حەق نیە ئەوە بکرێتن، پێم باشە سەحبی بکەن باشترە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا لەپەرلەمان موشەرعین، موشەڕعیش ئەبێت تەوازون لەبەینی مەسالحەکان بکات، لەبەینی بەرژەوەندیەکان بکاتن، لێرەدا ناکرێت ئێمە بەرژەوەندی لەوەیدایە، زەوی بدەین بەهاووڵاتی ولەلایەکی دیکەوە مەجالی ئەوەی نەدەین ئەو زەوییانەی کە پێی دراوە، لەئەنجامی ئینتیزاعی مولکییە، ئەوەی پێدراوە، لەلایەکی دیکەوە حکومەت بەزەریبەی تەریکات کە لەئەصڵدا ئەو زەریبەیە زیادە، حکومەتی ئێمە لەسەر زەرائیب بەرێوە ناچێت، بودجەی سەرەکی، داهاتی سەرەکی حکومەتی عێراقی بەگشتی و حکومەتی هەرێم بەتایبەتی نەوتە، مەسەلەی باجی داهات نیەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم ئەوە تەریکات نیە، ئەوە عەرەساتە، ئەوە یەك، دووش هەمووومان لێرە ئەندامی پەرلەمانین، هەمووومان راستە موشەڕعین، بەڵام تەشریع ئسوڵی بۆ دانراوە، چۆن تەشریع قانون دەکرێ، تەشریع پرۆژەیەکە لە حکومەتەوە دێت، یان لەلایەن دە ئەندامی پەرلەمانەوە تەقدیم دەکرێ، ئەو ماددەیە تۆ تازە خستووتە ناوییەوە، وەکو پرۆژەی تازەیە، نە لیژنەکانی تر ئاگادارکراونەتەوە، نە ئەندامانی پەرلەمان موافقن لەسەری نە وەزیری پەیوەندیدار موافقە لەسەری، نە وەزیری مالییە ئەوە ئەعبائی مالییە، لە خۆمانەوە تۆ قەرارێك بدەی، مالییەن نەوەزیری مالی، نەلیژنەی مالی دیراسەی نەکردووە، کاك دلێر تۆ ئاگات لێیە ئەو خاڵە وەکو لیژنەی مالییە، کەس ئاگای لێ نەبێتن تۆ فەرزی بکەی لەسەر ئێمە، ئەمە حەق نیە بەڕاستی.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەندین پرۆژەی یاسایی ترمان بەڕێ کردووە، ماددەی ئیزافەشی خراوەتە سەر، بەبێ پرۆژەش، لێرەدا لەناو ئەو قاعەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك ماددەم بدەرێ ئەعبائی مالی تێدابێت، یەك قانونمان زیاد کردبێتن، یەك شتم بدەرێ دە دیناری تێدابێتن کە ئێمە قەرارمان دابێتن بێ ئاگاداری ئەوانە، نییە نەك لەبیرت نەبێ، کاك عوسمان نوقتەی نیزامییە ئەگینا دەیبڕم.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، لەجێی خۆی نیە برگەکەو پێویست نیە بخرێتە دەنگەوەو، دەبی فیعلەن سەحب بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە فیعلەن نوقتەی نیزامی بوو، بەڕاستی نوقتەی نیزامی بوو نابێ بخرێتە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی نەپرۆژەیە، نەموقتەرەحە، نە هیچ شتێکە، جارجار بەقسەشت ئەکەم، با بچینە سەر ماددەکەی تر، ئەوە تەواو قسەکەی کاك عوسمان راستەکە، ئەوە پرۆژە نیە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هەر کەسەو لە رەئی وبۆچوون ئازادە، با بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا با ئیلغا بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی کاك عوسمان لەسەدا سەد ڕاستە، کاك فرسەتیش وای وت، ناخرێتە دەنگدانەوە، چونکە نە موقتەرەحە، نەپرۆژەیە، بەڕێگای ئسولێش نەهاتووە، نە وەزیریش موافقە.

ماددەی سێیەم: لا یعمل بأي نص یتعارض واحکام هذا القانون.

لیژنەی یاسایی موافقە لەسەر ئەوەی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس لە رووی شکلیەوە گۆڕیومانە ئێستا کاك زانا دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لا یعمل باي نص قانوني أو قرار یتعارض مع احکام هذا القانون . قانون راسترە لەبەر ئەوەی قەراریش هەیە لە سلێمانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە دەڵێت (لایعمل بأي نص یتعارض واحکام هذا القانون) لیژنەی یاسایی کردوویانە بە (لا یعمل باي نص قانوني أو قرار یتعارض مع احکام هذا القانون) کێ لەگەڵ ئەم موقتەرەحەیە دەستی بڵند بکات تکایە، کێی لەگەڵ نیە دەستی بڵند بکات تکایە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، موقتەرەحی چیتان هەیە، تازە.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم چونکە قسەیەکت کرد پێشتر کە چەند ساڵ لەوەو پێشتر ئیتفا زۆر کراوە، بەلاّم تەعویزی کەم وەرگیرایە، بۆ ئەوەی قەرارەکەمان ئەسەری رەجعی نەبێ، من پێم باشە لەشوێنێك ئیشارە بەوە بدرێت کە ئەو قەرارە یان قانونە ئەسەری رەجعی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحسیل حاسڵە دەنووسرێت (من یوم إصدارە). کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی (5) لە موقتەرەحەکەی لیژنەی یاسایی، زۆر گرنگە بەنیسبەت ئەو ئیتفایانەی کە هێشتا ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی نەکردووە، مەفروزە ئەوە باس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە باشە، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی ماددەیەکی کەی هەیە کە ئیزافیە کە دەڵێت:

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر گشت مامەڵەکانی کوژاندنەوە وجیاکردنەوەی زەوی وزاری ناوەوەی سنووری شارەوانیەکاندا جێبەجێ دەکرێ کە بڕیارەکانی پلەی بنبڕیان وەرنەگرتبێ.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تسري احكام هذا القانون على كافة معاملات اطفاء و افراز الأراضي داخل حدود البلديات الغير المكتسبة قراراتها الدرجة القطعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەبیعیە وابزانم، ئەگەر ئیعتڕازی نیە حکومەت ئەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییە تکایە با دەستی بڵند بکات، کێ لەگەڵی نیە تکایە، بەکۆی دەنگ وەرگیرا بردییانەوە.

ئەم ماددەیە موقتەرەحی تازەیە بەس قبوڵ کرا، لەبەر ئەوەی ئەعبائی مالی لەسەر نیە، هەردوو وەزیریش لێرەن و موافقن لەسەری، ماددەی تر تکایە.

ئێمە تەوسییەکی باشمان هەیە دوێنی لەگەڵ جەنابی وەزیریش باسمان کرد لە لیژنەی کشتوکاڵ، کشتوکاڵ تەوسییەکی باشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە وەزارەتی شارەوانی هەوڵ بدەن، لە ئیتفا کردندا بەرەو مەناتقی صەخری بڕۆن، چەندی بۆتان بکرێتن زەوی کشتوکاڵی گوناحە، وەکو پەخشان خانیش ئاماژەی پێکرد، ئەوە وەکو تەوسییەیەك، بۆ وەزارەتی پلاندانان، بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ وەزارەتی شارەوانی، ئەوە تەوسییەی پەرلەمانە، تکایە لەبەرنامەتاندا لە ئیتفای زەوی بەرەو مەناتقی صەخری پڕۆن، چەندی بۆتان بکرێتن زەوی کشتوکاڵی ئیتفا نەکەن، وەکو تەوسییە داخلی تەوسییەکانی دەکەین.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاسایی ئەو (ذات العلاقة) یەش با داخڵ بکرێت، ئەوە رۆتینە کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەی لیژنەی یاساییە، تکایە با دەستی بڵند بکات، فەرموون، کێ لەگەڵیدا نیە، سوپاس بەکۆی دەنگ وەرگیرا.ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم لە ئەصڵی مەشروع.

ئەم یاسایە، لەو رۆژەوە دەخرێتە کار کە لە( وەقائعی کوردستان)ـەوە، بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامییە، فەرموو کاك بەڵێن نوقتەی نیزامیی هەیە.